




# خوێندنەوەیەکی کولتووری بۆ شکستەکانی کورد

نووسینی: جەبار جەمال غەریب

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# خوێندنەوەیەکی کولتووری بۆ شکستەکانی کورد

جەبار جەمال غەریب

## مەهێڵن برینەکان قەتماغە بگرن

(١)

ئەو برینانەی بێ ئەوەی چاک ببنەوە سەریان دادەپۆشرێ و قەتماغە دەگرن مەترسیدارترین برینەکانن، سەرچاوەی سەدان نەخۆشی و دارمانی جەستە و وێرانکردنی نەتەوەن بە تەواوەتی. برینی چارەسەرنەکراو، سەرداپۆشراو، فەرامۆشکراو خاڵی لاوازی جەستە و عەقڵی نەتەوەیە.

دەپرسم ئایا ئەوە برینە فەرامۆشکراوەکان بوون لەو مانگی ئۆکتۆبەردا تەقینەوە؟ ئایا برینە کۆن و بۆگەنکردووەکان بوون کێم و بۆگەنیان بڵاو بووەوە؟ ئەوە برینە قەتماغەکردووەکان بوون لە قووڵایی خۆیاندا قوڵپیان دا و کوردیان خنکاند؟ یان بۆگەن، یان زامێکی دیکەی تازەی شەڕ بوو؟ یان برینێکی دیکە بوو کەوتە سەر سەدان برینی فەرامۆشکراوەکەوە؟

ئەرێ دوای ئەو زەبرەی ڕاست بەر سەرمان کەوت، ڕاست بەر سەنتەری بیرکردنەوەمان کەوت، بەئاگا هاتووینەوە تا هیچ نەبێ برینەکانمان بژمێرین؟ ئەرێ بەرگەی ئەوە دەگرین بەرامبەر ئاوێنە بوەستین، جەستە پڕ برین و پڕ خیانەت و پڕ فشەی خۆمان ببینین؟ برینەکان کە دەکرێ بچووکیان کەینەوە و بڵێین خاڵە لاوازەکانی کورد کە شایانی لەسەر وەستان و هەڵوەستەکردنن.

ئەو نەتەوەیەی لە ناخی خۆیدا ئەوەندە لاواز و کلۆر بێت نەتوانێ برینەکانی خۆی ببینێ، نەتوانێ شێرپەنجەی ناخی هەڵداتەوە، ئەو نەتەوەیەی نەتوانێ ڕووبەڕووی قەدەری خۆی ببێتەوە، ئەو نەتەوەیەی نەتوانێ کێم و پیسیی برینەکانی

خۆی لێکاتەوە و فرێ دات، ئەو نەتەوەیە ژیانی داهاتووی جگە لە وەهم و تراویلکە و خۆهەڵخەڵەتاندن هیچی دیکە نییە. کورد ئەگەر هەزار ساڵی دیکە لە ململانێ و کوشتاردا بێت کە نەتوانێ دەست بخاتە سەر برینەکانی هەر دەگەڕێتەوە خاڵی سفر و سەرەتا.

**لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، چەند سەرەقەڵەمێک لە دیاریکردنی برینەکانمان، چەند خاڵی لاوازی زۆر قورس دەستنیشان دەکەم:**

**یەکەمیان**: برینی برایەتی، کورد و برایەتی، کورد و هاوسێکانی، یان کورد و ئاغاکانی.

**دووەم**: خیانەت یان نیفاقی سیاسی، یان جیاوازی و یەکتر قبووڵنەکردن، یان تۆڵەکردنەوە و سەری یەکتر پانکردنەوە و دەیان ناوی دیکە.

**سێیەم**: گەلەکۆمەکیی دنیا لەسەر مانەوەی گەلێک بە کۆیلایەتی. گەلێک بۆ ماوەی سەدان ساڵە هەموو دنیا کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەبێ کۆیلە بێ، کە دەبێ ژێردەستە و ملکەچ بێ، کە دەبێ دابەشکراو و خەسیو بێ، هەتا کوشتن و لەناوبردنیشیان لەژێر ئەو سیستەمە جیهانییەدا بە یاسایی کراوە.

**چوارەم**: دڵشکانی خودی کورد لەلایەن کوردەوە، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، فەرامۆشکردنی وێژدان و ئینسانییەت. گەندەڵی و ملهوڕی، برسیکردن و سووککردنی کوردبوون. لێستاندنەوەی هەستی نەتەوەیی لە تاکەکانی کۆمەڵگە.

لەجیاتی پێشەکی: بەشی هەرە زۆری ئەو خاڵانەی سەرەوە پەیوەندیی قووڵیان بە سیاسەت و حزبەوە هەیە، من دەمەوێ شەقێکی توند لە حزب هەڵدەم و لە ڕووی کولتوورییەوە ئەو برینانە بخوێنمەوە.

**یەکەمیان: کورد و برایەتی، کورد و هاوسێکانی، یان کورد و ئاغاکانی:**

**ئایا برایەتییەک بەو تەمەنە پیریەوە چ دەردێکی کوردی تیمار کردووە؟**

**ئایا کورد لەکوێی هاوسێکانیدایە، هاوشان و بەرامبەرن، کۆیلە و دیلن؟**

ڕق و تووڕەیی ئەو هاوسێیانەی یەک سەدەی تەواوە شیعر و شانامەیان بەناوی (برای عەرەبی چاو ڕەشم) بەسەردا هەڵدەدەین، یەکێکە لەو برینە داپۆشراوانە، ئەو برینە ئەوەندەی کورد کۆنە.

ئەو ڕاستییە بە ستایشی ئێمە بۆ برایەتیی ئەوان ناگۆڕێ، ئەو ڕاستییە تاڵە، زۆریش تاڵە، کە برایەتی جگە لە گوزارەیەکی بەتاڵ هیچی دیکە نییە، برایەتی دەستەواژەیەکی بێ ناوەڕۆکە، بێ مەفهووم و بێ مانایە، بە تایبەتی لەسەر ئاستی نەتەوەیی. برایەتی کاتێک دەبێتە خاوەن ناوەڕۆک کە نەتەوە بەدەسەڵاتەکە پڕی بکات لە مەفهوومی یەکسانی، لە لێبوردەیی، لە پێکەوەژیان، ئەوەش تا ئێستا لە مێژوودا تەنیا جارێک ڕووی نەداوە تا نەتەوە سەردەستەکانی کورد بیکەنە دووەم جار.

بۆ یەک تاکە جاریش لە مێژوودا ڕێکەوتی ئەوە ناکەین نەتەوەی سەردەست و خاوەن دەسەڵات و باڵادەست برایەتی و دۆستایەتی پڕ کات لە مانا و مەفهووم، نەخێر ئەو وشەیە بەلای کەمەوە سەد ساڵە بە هەڵە بەکار دەهێنرێت. سەد ساڵی تەواوە لە گۆمێک مەلە دەکەین کە ئاوی تێدا نییە.

من هەندێ نموونەی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتم لەبەر چاوە، کە شتێکی وەک برایەتی لەنێوان نەتەوەکاندا هەیە، بەتاڵیش نییە لە مانا، بەڵام یاسا و سیستەمێک مانایان داوەتێ، ئەو وڵاتانە دەوڵەتی نەتەوەیی نین، نەتەوەیەک ناوی خۆی نەخستووەتە پشت ناوی وڵاتەکە، هێزێک لە دەرەوە یان لەسەرەوەی نەتەوەکان نەک وشەی برایەتی، بەڵکوو هەموو وشەکان و پەیوەندییەکان و هەتا ژیانی ڕاستەقینەشی پڕ کردووە لە مانا و مەفهوومی بەرجەستەکراو.

**برای عەرەبی چاوڕەشم**
**تاڵ بوو بەشت تاڵ بوو بەشم.**

دیوانی گۆران، لاپەڕە ٣٢٢.

وشە (برا) و ڕستەی (برای عەرەبی چاوڕەشم)، بە گۆران، بە هەموو شاعیرانی کورد، بە حزب و پەرلەمانتار و وەزیر، بە هاوئایینی و دراوسێیەتی، بە سەرانسەری مێژووی عیلمانییەت پڕ نابێت لە مانا، پڕ نابێت لە دەلالەت، نا، هەر بە بەتاڵی دەمێنێتەوە. بە لای کەمەوە ئەوەندەی ئەو (باشم)ە بەتاڵە کە لەوپەڕی غەمگینیدا وەڵامی دۆستێکی دووری پێ ئەدەیتەوە. بەشی زۆری وشە بەتاڵەکان جۆرێکن لە موجامەلە و لەکۆڵ خۆکردنەوە و خۆدزینەوە لە هەڵوێستی ڕاشکاوانە.

**بۆچی؟ ئەوە بێ ئومێدییە؟ ئەوە گوتارێکی ڕەیسیستانەیە؟ ئەوە دوژمنایەتییە؟ ئەوە نەتەوەپەرستی و دەمارگیرییە؟ ئەوە**

داو و تەڵەیە؟ ئەوە قبووڵنەکردنی ئەوانی دیکەیە؟ ئەوە چییە برایەتی بەتاڵ دەکاتەوە لە مانا؟

بۆ هەزار گومان و پرسیاری دیکە ئاوا دەڵێم نەخێر، ئەوە ڕاستییە. نەتەوەی ژێردەستە ئالییەتی پڕکرنەوەی ئەو برایەتییەی نییە بە مانا و دەلالەتی برایەتی، بە مانا و دەلالەتی یەکتر قبووڵکردن. ئەو کەسەی لەبەر نیشانەی گوللە دانراوە هیچ گرنگ نییە دەستی ئاشتی درێژ دەکات یان نا. ئەو کەسەی لەژێرەوەیە مافی کۆتایهێنانی یارییەکەی نییە.

کورد هەرگیز لەو ئاستەی ئێستایدا ناتوانێ وشەی برایەتی پڕ کات لە مەفهوومی یەکترقبوڵکردن، کورد ناتوانێ بەرامبەر تورک مانا بە برایەتی ببەخشێ، ئەو نەک ئامەد و ماردین و تەواوی شار وماڵەکان، بەڵکوو دەشت و شاخ و دۆڵەکانیش بەدوای کورددا کێوماڵ دەکات.

کوردی ڕۆژهەڵات هەرگیز ناتوانێ مانا بە برایەتی لەگەڵ فارس ببەخشێ و دۆستایەتیی لەگەڵیاندا بنیات بنێ، ئەو تا ئێستا بەسەر سێدارەوەیە، ئەو تا ئێستا قاچاغە و یاسا داوای دەکات، ئەو تا ئێستا لەسەر کۆڵکێشی دەکوژرێ، کۆیلەیەک هەرگیز ناتوانێ پەیماننامەی پەیوەندیی کۆیلایەتیی خۆی بە وشەی بەتاڵی برایەتی کۆتایی پێ بێنێ.

وشەی برایەتی بە کورد پڕ ناکرێ لە مانا، لەبەر یەک تاکە هۆ، چونکە ئەوان نەتەوەی سەردەست و بەدەسەڵاتەکان بەتاڵیان کردووەتەوە لە هەموو مەفهوومێک، یان جوانتر بڵێم، مانای وشەی برایەتییان گۆڕیوە، دەکرێ کورد وەک قاپی سواڵ دەستی برایەتی بۆ هاوسێ و هاوئایین و هاو ڕەگەزەکانی درێژکات، تەواو وەک دەفری دەرۆزەکردن ڕادێرێ، ئەوان تا ئەمڕۆ جگە لە تاوانبارکردن هیچ وەڵامێکیان بۆ ئەو برایەتییە نەبووە، قاپەکە هەر بەتاڵە. هاوار هاواری (برایەتی) بۆ کوردێک بە مانای ژێردەستەیی دێت.

**کورد لەسەر ئەو ڕاستییە وشەی برایەتی بەکار دەهێنێ کە:**

**ئارامترین ژیان بۆ کۆیلەیەک، ئەوە نییە سەرەڕۆ و یاخی بێ،**

**بەڵکوو ئارامترین ژیان بۆ کۆیلەیەک ئەوەیە لە دڵەوە ملکەچی ئاغایەکەی بێ.**

ئەوە کورتکراوەی فەلسەفەی برایەتیی نێوان کورد و نەتەوەکانە. من لەسەر ئەو فەلسەفەیە زۆر لامل نیم، بەڵام مێژووی قوربانییەکان سوورترم دەکات.

دیسانەوە مەبەستم ئەوە نییە بڵێم نەتەوەکان هەر لە ئەزەلەوە دوژمنی یەکترن، نەخێر، هەرچەندە ئەو بیروڕایەش هەیە. بەڵگەشمان بۆ ئەوە ئەو هەموو داگیرکاری و لەشکرکێشییەیە بۆ سەر یەکتری. بەڵگەشمان بۆ ئەوە کشان و فراوانبوونی جوگرافیای نەتەوەیەک و بچووکبوونەوەی جوگرافیای نەتەوەیەکی دیکەیە. بەڵگەشمان بۆ ئەوە ڕاونانی کوردە بۆ بناری شاخەکان و خنکاندنیەتی لە جوگرافیایەکی بێ ڕووبار و بێ بەندەر.

سەرەڕای هەموو نەهامەتییەکانی مێژوو، لەگەڵ دروستبوونی یەکەم دەوڵەتی نەتەوەیی ئەو بانگە بە گوێی هەموو دنیادا درا، هەر نەتەوەیەک دەوڵەتی نەبێ نەتەوە نییە. سنوور، سیادە، پرۆتۆکۆل و دانپێدانانی نێودەوڵەتی، بڕوانامەی نەتەوەیی هەر گەلێکن.

وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیش بەتەواوی بانگەشەی دەوڵەتی فرەنەتەوەییان بە درۆ خستووەتەوە، واتا دەوڵەتی فرەنەتەوە درۆیەکی گەورەیە بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتدا.

بەڵێ دەوڵەت هەیە، لە سنوورێکی جوگرافیدا چەند نەتەوەیەکی لەناودا کۆ کراوەتەوە، بەڵام ئەوانە دەوڵەتی فرەنەتەوە نین، لەو سنوورانەدا نەتەوەی بە دەسەڵات و نەتەوەی ملکەچ هەیە، نەتەوەی فەرمانڕەوا و نەتەوەی کۆیلە هەیە. تا ئەمڕۆ ناتوانم لە مێژووی ئەو وڵاتانەدا یەک دەوڵەت بیر خۆم بهێنمەوە کە بەڕاستی دەوڵەتی فرەنەتەوە بێ، واتا لەناو چوارچێوەی دەوڵەتێکدا چەند نەتەوەیەک بە یەکسانی بژین و هەر کامیان دەوڵەتەکە بە هی خۆی بزانێ، لە دڵەوە ئاسوودە بێت و بەوپەڕی شەوقەوە بچێتە ژێر ئاڵاکەی. ئاڵاکانیان بۆ نەتەوەی سەردەست پیرۆز و بۆ نەتەوەی ژێردەست شێرپەنجە و زیندانە، جگە لەوە هەموو جۆرەکانی پێکەوەژیان درۆیەکی جیهانییە.

## برایەتی لە کایە ئینسانییەکاندا

بەڵێ دەشێ ئەو برایەتییە هەبێ و پڕ ماناش بێ، کاتێک کوردێک و فارسێک لە قاوەخانەیەک قەنەنە دەکێشن، کاتێک کوردێک و عەرەبێک وەک نەفەر لە پاسێکدا دانیشتوون، کاتێک کوردێک و تورکێک لە دیسکۆیەک قوونیان بادەدەن، بەس هەر کەسە و لەسەر کیسەی خۆی، ئەوان بەوپەڕی شکۆوە و کوردیش لەوپەڕی فەرامۆشیدا. بەڵێ هاووڵاتییەکان دەتوانن پێکەوە بژین هەر کامێکیان بە قەدەری خۆی ڕازی بێت.

کورد دەشێ ببێتە وەزیری بەرگری، سەرۆکی دادگا، هەتا ببێتە سەرۆک وەزیرانیش، بەڵام لەوێ لەو پۆستەدا کورد نەبێ،

کورد نەبێت و سیفەت و پێناسەی کوردی لە ماڵێ، یان لەو دەشتە لەبن بەردێک بەجێ هێشتبێ. مەبەستم لەسەر ئاستی کولتووری کۆمەڵایەتی، دەشێ برایەتییەکی درۆزنانە هەبێ، دەشێ شتێک لە پەیوەندیی ڕاستەقینەش هەبێ، تا ئەو کاتەی تۆ وەک کورد هیچ داواکاریەیکت نییە، تا ئەو کاتەی تۆ وەک کورد مردووی، لەجیاتی هەستی نەتەوە و شکۆی زمان و بۆنی خاک تەرمێکت لە ناخی خۆتدا هەڵگرتووە کە تەرمی نەتەوەکەتە. مێژووی عێراق جوانتر ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، هەر لە دروستبوونی یەکەم دەوڵەتی عێراقەوە کە کورد وەک تاک، وەک شارەزا لە بواری هونەری سەربازی، ئەندازیاریی سەربازی، خاوەن ئەزموون لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، ئەو هیچ کیشەیەکی نییە و دەکرێ هەر بەرپرسیایەتێکی بدرێتی، بەڵام کاتێک وەک بەشی نەتەوەکەی، وەک مافی نەتەوەکەی داوای بچووکترین ماف بکات، بورکان دەتەقێتەوە و هەموو پەیوەندییەک و هەموو شێوەکانی برایەتی کۆتاییان پێ دێت.

## جگە لە ئاستە کۆمەڵایەتییەکە لە هەر شوێنێک

کە بۆنی دەسەڵات و زمان و هێزی لێ بێت، کورد نەک برا نییە، بەڵکوو دوژمنی باوەکوشتەیانە. ڕاستە دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕەکانی شۆڕشی فەرەنسا کورد لە کوردبوونی خۆی بەئاگا هێنا، بەڵام ئەو بەئاگاهاتنە جگە لە کۆست و نەهامەتیی گەورەتر هیچی دیکەی بۆ کورد نەهێنا.

## لە برایەتییەوە بۆ جاشایەتی

(٢)

ئایا جاشایەتی برینێکی کۆنە و قەتماغەی کردووە و لە کەمترین هەلدا سەر هەڵدەداتەوە، یان برینێکی تازەیە لە جەستەی کورددا، یان دەردێکە هەر سەردەمەی لایەکی ئەو کوردە ئیفلیج دەکات؟ یان هەڵە تێگەیشتنێکە و جۆرێکە لە تێکۆشان؟

لەدوای ئەو زەبرە گەورەیەی بەر کەللە سەری کورد کەوت، لەدوای لافاوی ئەو خوێنپژانە قووڵە لە کەرکووکەوە دەستی پێ کرد و جەستەی هەموومانی گرتەوە، بەو کوردەشەوە پێش سەد ساڵ خێزانەکەی کۆچیان بۆ ئەمەریکا کردووە و کوردی نازانێت و هێشتا هەلی ئەوەی بۆ هەڵنەکەوتووە بۆ تەنیا جارێکیش بێتەوە کوردستان، دوای ئەو کارەساتە ئایا هێندە بەئاگا هاتووینەوە، تەنیا بتوانین برینەکانمان بژمێرین؟ داوا دەکەم هەموو تۆزی پێڵاوەکانتان بتەکێنن و خوێنی

براکانتان با هەر بەدەستانەوە بێ، بەڵام با هەمووما‌ن پێکەوە ئەو برینانە بژمێرین. ئەو برینانەی وەک شێرپەنجە و تاعوون جگە لە نیشتمانەکەی ناخی کوردیشی هەڵوەشاندووە؟

ئەو زەبرە تەنیا خاکی لە دەست دەرنەهێنایین، تەنیا جوگرافیای لێ نەکردینە نیوە، ئەو زەبرە تەنیا ئەو ناوچانەی خۆیان تەسلیمی دڵنیای کورد کردبوو، بێکەس کوژ نەکردن و بەس، ئەو زەبرە متمانە و دڵنیایی لە ناخی خودی کورددا بۆ داهاتوویەکی درێژ هەڵتەکاند و بە بای دا. باوەڕ بەخۆبوون، وەستان لەسەر پێی خۆت، دەنگی زەلاڵی خستە بەردەم گومانێکی گەورەوە "کورد نابێتە پاشا، دار نابێتە ماشە" جارێکی دیکە لە ناخی کورددا دەنگی دایەوە. خەنجەری ژەهراویی براکان و خیانەت و پشتی یەکتر شکاندن و بێ ئومێدی, بوونەوە مانشێتی دڵ و دەروونی کوردی بێچارە. ئاە.. سەد ئاهی جگەربڕ کەوتنەوە فەزای لە دڵی هەتیو غەمناکتری ئاسمانی شارەکان.

هێزێک کە لە دنیادا بە ئەفسانە شکێن، بە قارەمان، بە نەبەزین ناسرابوو، خستە گریانێکی بەکوڵ، هەموو ئەوەش بە کەمترین هەوڵ و بە بێهێزترین رکەبەر و بە دوژمنێکی کەمتر دڵڕق و کەمترین خیانەت.

لە وتاری پێشوومدا من تەنیا چوار برینم ژماردن، نیازیشمە تەنیا لەو چوار برینە بدوێم، خۆ دەنا هەزار و یەک برینن، هەر لەوێدا چەند سەرە قەڵەمێکم لەسەر برینی یەکەم نووسیوە.

ئەویش برینی بەتاڵی وشەی (برایەتییە)، وشەی برایەتیشم وەک نموونەی تەواوی ئەو وشانە وەرگرتووە کە تەنیا بەشێکن لە موجامەلە و چاووڕاوی ڕۆژانە. لێکۆڵینەکەی من پشتی بە یەک ڕەهەندی برایەتی بەستبوو، ئەویش بەتاڵی و بێ ناوەڕۆکیی وشەکە بوو، لەوێدا نەموێرابوو لە دیوی دوومی بەتاڵیی وشەکە بدوێم، ئەویش متمانەکرنە بەو وشە بەتاڵە، ئیدی ئەوە نهێنی نییە کە هەمووان دەزانن ئەم وشەیە بەتاڵە بۆچی متمانەی پێ دەکەی؟ ئەرێ برا تۆ لەپێش هەمووانەوە دەزانی برایەتی دیوارێکی کۆن و بۆش و ڕزیوە، ئیدی لەتەنیشت وەستانی نەک نەزانییە، تاوانیشە.

هەر لەو گۆشەیەوە دەپرسم: ئایا ئەو متمانەیە پەیوەندیی بە ناچارییەوە یان خۆشباوەڕییەوە هەیە؟ ڕاستە کورد ناچار بووە باوەڕ بەو برایەتییە بکات، یان ناچاری کوردی هان داوە خوشباوەڕ بێ؟ جیاوازیی نییە. کوشتنەکە، هەڵخلیسکانەکە لێرەدایە بۆچی ئومێدی لەسەر هەڵدەچنی، هەی ئاغای نەجیبزادەی شەپڕیوی ناو مێژوو!

هەرچی دەیڵێم لەسەر برینی یەکەم بۆ ئەوەیە باسی برینی دووەم نەکەم، ئەوەندە لە برینی دووەم زراوم چووە، ئامادەم تا



سەرچاوە
Serchawe

دنیا دنیایە وتارەکە درێژ کەمەوە و باسی برینی دووەم نەکەم، کە هیچ نەبێ ئەوەندەی شێرپەنجە، تاعوون و ژەهراویبوون ترسناکە. نزیکەی زۆربەمان لەسەر برینی یەکەم کۆکین، کۆکین و دەڵێین ناچارین باوەڕ بەو برایەتییە ڕواڵەتییە، هەڵخەڵەتێنە بێنین بە گۆرانی شاعیریشەوە کە عەرەبی چاوەڕشیشی بۆ زیاد کردووە، ئەویش گومانی لەو برایەتییە هەبووە ئەوەتا دەڵێ (گریان) کردینی بە برا، یان (کۆست)، یان (زاڵم) کردینی بە برا، دەکرێ بشڵێین (داعش) کردینی بە برا.

لای گۆرانیش، کە من وەک نوێنەری نەوەی خۆی، وەک نوێنەری فکری زاڵی ئەو سەردەمەش سەیری دەکەم، ئازار، کارکردن، تاڵی و شەکەتی کردوونی بە برا، ئەوانیش دەبێ هەوڵەکانیان یەک خەن بۆ زاڵبوون بەسەر زۆرداردا، کە بە ڕای من برایەتییەکەش هەر تا ئەو کاتە بڕ دەکات، تا نەمانی زۆردار، تا نەمانی تاڵییەکە.

لەپڕ زنجیر قەف قەف پسا،
دیلی نەما لە قەفەسا...

(دیوانی گۆران، شیعری چیرۆکێکی برایەتی، لاپەڕە ٣٢٠).

ئەوەتا گۆرانیش لە گەرمترین و پێویسترین کاتدا ناوی برایەتییەکەی ناوە چیرۆک. بەشی هەرەزۆری چیرۆکەکانی نێو کتێبەکان، سەرگوزشتەی ڕابردوون یان فەنتازیا و خەون و قسەی خۆشن.

هەر لەدوای ئەو ڕستەیە (قەف قەف پسا، دیلی نەما لە قەفەسا..) گۆران ناتوانێ یەک تاکە نیوەدێڕی کە لەسەر برایەتی بنووسێ، با لەسەر کاغەزیش بێ، با چیرۆکیش بێ، ئەو، ئەو بڕیارەی نەداوە، با گومان و خۆش ئومێدییەکی شاعیرانەش بێ، نا ناتوانێ یەک بستی دیکە لەو برایەتییە ببینێ، یان ڕووداوەکە بەو ئاڕاستەی سەرەوە بچێتە پێشێ بۆ ئەوەیش لەناو تەم و لێڵدایە، لەگەڵ ئەوەشدا گۆران لە دڵەوە ئەو برایەتییەی خواستووە، هەم بە هۆی بیروباوەڕەکەی، هەم بەهۆی تێگەیشتنی خۆی بۆ پەیوەندیی نەتەوەکان و ئینسانەکان. لەگەڵ ئەوانەشدا لێرەدا چیرۆکەکە بە ئاڕاستەی برایەتی کۆتایی دێت، بەڵام بە ئاڕاستەیەکی دیکە دەرگای بۆ دەکاتەوە.

گۆران دڵێکی هەیە لە گەوهەر، ویستوویەتی ئەو دڵە گەوهەرەی بخاتە خزمەتی ئەو برایەتییە ڕواڵەتییە یان ناچارییەوە، بەڵام هەر ئەو دڵە گەوهەرەی دوای دێڕی (دیلی نەما لە قەفەسا) دەکەوێتە بەر هێرشی گومان، گومانەکەشی ناشارێتەوە، بە ڕووحیەتێکی شاعیرانە دای دەڕێژێ:

**ئێستا هەردوو برای ئازاد،**
**ڕاستە بە سەربەستین دڵشاد،**
**بەڵام ئاسۆی ڕێمان لێڵە،**
**ڕێگای ئاسۆی لێڵیش وێلە.**

ئەو ئاسۆیە لە چاوی برایەتییەوە (لێڵە)، لە چاوی برایەتیی ناچارییەوە نادیار و ونە، کۆنتراستە ئەدەبییەکە لێرەدایە، دەبوو دوای پسانی زنجیر و نەمانی دیلیەتی، یان سەردەمی ئازادیی ئەو برایەتییە گەموگوڕتر بایە، مانای چی لەدوای پسانی زنجیر و دەرکەوتنی ئازادی ئینجا ڕێگاکە لێڵە؟ گومانی شاعیر گومانێکی ئاسایی نییە، گومانێکی فەلسەفییە، گومانی ترسان لە راستییەکی مەترسیدار. ئەوەیە گۆران، ئەوەیە جەوهەری گۆران، زۆرترین ڕەخنە لەلایەن نەتەوەییەکانەوە لە گۆران گیرابێ لەسەر ئەو شیعرەیە، گوایە (گۆران بەو شیعرە ئاستی نەتەوەپەرستیی خۆی هێناوەتە خوارێ) بەڵام ئەوی بینیتان ڕاستیی گۆرانە، ڕاستی بیروباوەڕی زاڵی ئەو سەردەمەیە، ڕاستی یان حەقیقەتی پەیوەندیی کورد و عەرەبە، ئەوە گەوهەری گۆرانە دەڕژێ، دەڵێ براکانم، برا چاو ڕەشەکانم، تا ئازار بوو پێکەوە نۆشیمان، ئێستا کە ئازادی و خۆشی هەیە، کە تۆ سەردار و سەروەری، ئاسۆی من لێڵە، نادیارە، هەموو شتێکی نادیاریش لە مەترسیدایە، داهاتووی گۆران و نەتەوەکەی، داهاتووی وڵاتەکەی لە مەترسیدایە.

نامەوێ بڵێم مێژوو دووبارە دەبێتەوە، نامەوێ ئەو وتەی مارکستان بیر خەمەوە دەربارەی مێژوو (مێژوو دووبارە دەبێتەوە یەکەمجار بە کۆمیدی و دووەم جار بە تراژیدی) نا ئەو قسەیە بە دەردی ئێمە ناخوا، چونکە زۆر بەڕوونی دیارە کە کورد لەدەرەوەی مێژووە، کورد کارێکتەرێکی بەکرێگیراوە، کارێکتەرێکە خراوەتە قاڵبێکی ئامادەکراوەوە، کارێکتەرێکی بێ رووحە لە مێژووی عێراقدا.

لەناو پرۆژە و وڵاتێکدایە کە هی ئەو نییە، کە ئەو ناینووسێتەوە، کە بۆ ئەو نەکراوە، کورد تەنیا وەک سیپاڵێک با فڕێی داوەتە ناو ئەوم وڵاتەوە، لە باشترین حاڵەتدا کورد کارێکتەرێکی هەڵواسراوە کە هەرگیز پێی ناگاتە سەر نیشتمانی خۆی. ئەگەر کورد هەموو هێزی خۆی یەک بخات، هەموو دنیاش یارمەتیی بدات، بەوپەڕی دڵێشەوە کاری بۆ بکەن، ناتوانرێ هیچ مانایەک لە چوارچێوە عێراقدا وەک نەتەوە بە کورد ببەخشرێ.

ئیدی دیارە ئەوانە برای ناچارین، مێژووش ئەوەی سەلماندووە، بۆیە قسە لەسەر کردنی داهێنانێکی گەورە نییە، مەترسیشی بۆ نووسەرەکەی نییە، کەسیش لە زیانەکانی ناکەوێتە بەر تانە و تەشەر.

ئەوەی جێگای مەترسی و دڵەڕاوکێیە، ئەوەی نووسین لەسەری ریسک و خۆ بە فەتارەت دانە، برینی دووەمە. خیانەت و خیانەتکارە، هەڵگەڕانەوە و ملی گەل شکاندنە، فێڵکردن و بزمار لەبن پێدانی براکانە. ئەو خیانەتکارەی دەشێ لەنێوانمان بێ، دەشێ یەک تاکەکەس بێ، دەشێ دەستە و تاقم بێ، دەشێ حزب و جەماوەر بێ. لە مێژووی کورددا هەرگیز ڕووی نەداوە ئەو کارێکتەرە پڕ نهێنییە سزا درابێ، بە تەڵەی خۆیەوە بووبێ، نەک هەر ئەوە پارێزگاریشی زۆرن، بە پێی سەردەم و وڵات خۆبەخشەکانی ڕێگاکەی ئاوەدان و پڕ ڕێبوارن.

بۆ هێز دەدەمە خۆم و برینی دووەم بە قەڵەمێکی تۆخ لەسەر دیواری ئاودەستی ئوتێلێکی سەد ئەستێرەیی دەنووسم، خیانەت و جاشایەتی ئەگەر ئاسانتر گوزارشتی لێ بکەین، دەڵێم دەست تێکەڵکردن یان وەک خوارەوە دەنووسم:

دووەم: خیانەت یان نیفاقی سیاسی، یان جیاوازی و یەکتر قبووڵنەکردن، یان تۆڵەکردنەوە و سەری یەکتر پانکردنەوە و دەیان ناوی دیکە.

بێ گومان ئەو هەموو ناوانە خۆدزینەوەن لە ئەسڵی بابەت و ناوەکەی کە لە کولتووری گەلاندا پێی دەڵێن خۆفرۆشی.

بەو سیفەتەی کوردم و لەناو کوردا پەروەردە بووم، هەندێ ئەتواری پاساو هێنانەوەم وەرگرتووە، لەو پێناوەشدا بۆ ئەو جۆرە دەستە و تاقمانە نموونەیەک دەهێنمەوە، یان پشت بە تاقیکردنەوەیەک دەبەستم تا ڕووسووریی هەمووان بپارێزم:

تاقیکردنەوە: ئەگەر قوتوویەک بێنی، هەر چەند قوتووەکە بەهێز بێ و لە ماددەیەکی پتەو دروست کرابێ، ئەو قوتووە لە هەموو لایەکەوە بخەیتە ژێر فشارێکی بەهێز، فشارێکی بەردەوام و یەکسان و بەهێز بۆ سەر هەموو لایەکانی قوتووەکە، ئەوە دەبینین لایەکانی قوتووەکە هەموویان وەک یەک خۆڕاگر نابن، بەشێکیان پێش بە شەکەکانی دیکە دەقووپێتەوە،

دواتر لایەکانی دیکەش زیانیان بەردەکەوێت و خوار دەبنەوە، ئەو لایەشی کە بەرگری دەکاتە و ناقووپێتەوە ئەوە وەک پاڵەوان و خۆڕاگر لەناو تاق دانانرێ، مێدالیای ئازایەتی بە سینگەوە ناکرێ، بەڵکوو زۆر بە ئاسانی لەگەڵ باقی بەشەکانی دیکەدا فڕێ دەدرێتە سەرانگوێلکی لەبیرچوونەوە، یان زبڵخانەی مێژوو.

ئەو نموونەیە، یان ئەو ئەزموونە زۆر دڵڕەقانەیە، من تا تەواوم نەکردم و جارێکی کە نەمخوێندەوە نەمزانی چ کارەساتێکە و نموونەیەکی چەند دڵڕەقانەیە، دڵم بریندار بوو، زۆریشم هەوڵ دا نەمتوانی دەستبەرداری بم. لەبەر چی..؟

چونکە چیرۆکی ئەو قوتووە تەواو چیرۆکی کوردە، چیرۆکی کورد لە تاقیگەی ژیاندا، چیرۆکی شۆڕشەکانیەتی، چیرۆکی داهێنەرەکانیەتی، چیرۆکی کۆن و چیرۆکی نوێیەتی.

چیرۆکی نەتەوەیەکە لە هەموو لایەکەوە فشاری لەسەرە، فشارێکی بەردەوام و هەمەلایەنە، ئەوەتان لەبیر بێ لەو بەشەدا باسی پێکهاتەی ناو قوتووەکە ناکەم، ئەوەم بۆ بەشی چوارەم داناوە. لایەکانی ئەو قوتووە بۆچی پێکەوە ناقووپێنەوە؟ لە کاتێکدا لە هەمان مادده (بەشێوەیەکی گشتی) پێکهاتوون، یا هەر لایە و بانگەشەی ئەوەش بکات کە لایەکەی دیکە پێکهاتەکەی جیاوازە، لە کاتێکدا ئەو لایەی دەقووپێتەوە لە هەموو لایەکانی دیکە زیانی زیاتری بەردەکەوێ؟ چیرۆکی قووپانەوەی کوردیش لە درێژەی ئەم وتارەدا (مەبەستم بەشەکانی داهاتوویەتی) دەخوێنینەوە. چیرۆکی ئەو قوتووەشم هەم بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکەیە، کە من لەبەرامبەریدا هەستم بە شەرمەزاریی کرد، هەم بۆ ئەوەیە وەک نووسەرێک دەمەوێ خۆم لە تیری ژەهراوی قوتووە فرێدارواەکانی زبڵدانی مێژوو بپارێزم، گوتم با تیرەکانیان بەر چیرۆکەکە یان لاپەڕەکانی ڕۆژنامە کەون.

## لە برایەتییەوە بۆ جاشایەتی

(٣)

ئایا جاشایەتی برینێکی کۆنە و قەتماغەی کردووە و لە کەمترین هەڵدا سەر هەڵدەداتەوە، یان برینێکی تازەیە لە جەستەی کورددا؟ یان دەردێکە هەر سەردەمەی لایەکی ئەو کوردە ئیفلیج دەکات؟ یان هەڵە تێگەیشتنێکە دەنا بۆ خۆی جۆرێکە لە تێکۆشان؟

لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا، چوار برینی هەرە کاریگەری جەستەی کوردم بیر خستنەوە، کە دڵنیام ئێوە دەتوانن هەزار برینی دیکەی پێوە زیاد کەن.

**یەکەم**: برین وەهمی برایەتی، برایەتی لەگەڵ نەتەوەی دەسەڵات و نەتەوەی سەردەستە، کە لای من بەتاڵ و ناچاری و بێ ناوەڕۆکە. ئەنجامەکەشی وەک قوتووەکە بەشێکی دەگۆڕێت بۆ خۆبەدەستەوەدان و قووپانەوە، بەشێکیشی دەداتە ملهوڕی و سەرسەختی و یاخیبوون.

**دووەم**: خیانەت یان نیفاقی سیاسی، یان وەک ناوە کولتوورییەکەی جاشەیەتی یان خۆفرۆشتن. من زۆرم گەرەک بوو خۆم لەو ناوە دزێوە ببوێرم. ناوێکی قورسە، چ بۆ ئەو کەسەی دەچێتە سەری و دەبێتە سیفەت و پێناسی، چ بۆ ئەو کەسەی بەکاری دەهێنێ و بە زاریدا دێ. بۆ سومعەی کەریش جوان نییە کورد ئەوەندە بێویژدان بێ بەرامبەری، لەدوای ئەو هەموو ماندووبوون و کۆڵکێشییە، لە لادێ و شاری کورد، لە شاخ و دەشت، لای جووتیار و کرێکار، ئەو هەموو شۆڕشگێڕییە و خزمەتی پێشمەرگەیە، جوان نییە نەوەکانی ئەو گیانداره بەکەڵک و بەسوود و خزمەتگوزارە ببنە ڕەمزی خیانەت و خۆفرۆشی، هەرچەندە لای من ئەگەر هەموو دنیاش ببنە خۆفرۆش و خیانەتکار و جاش و دوژمنی نەتەوەی خۆیان ئەوە سومعەی ئەو جاشەکەرە جوانانەی پێ لەق نابێ.

نازانم کورد ناوی بەچکە کەری بۆچی بۆ خۆفرۆشی کردووەتە رەمز، لە کاتێکدا جاشەکەر زۆر سرکە و لە باب و دایکی خۆی عاقڵترە و لە ئینسان نزیک نابێتەوە، لە یەکەم نیگاوە دەزانێ ئەو گیانداره دوو پێیە پێکەنین و سۆزی درۆیە و تەنیا دەیەوێ بە دوو پێکەنینی هیچ، دەستەمۆی کات و بیکاتە خزمەتکاری خۆی.

بێ کەڵک نابێ لەو هەموو مەینەتییەدا قسەیەکی پێکەنینیشی لەسەر حورمەتی ئەو گیانداره هاوڕێ و هاوکارە بگێڕینەوە (هاوڕێیەکم گێڕایەوە و گوتی خاڵم جاش بوو، جارێک بۆ سەردانی دایکم هاتبووە ماڵمان لە مەریوان، کۆمەڵە برادەرە جاشێکیشی لەگەڵدا بوو، براکەم کە ئەو کاتە شەش حەوت ساڵان دەبوو، بە خۆشیی هاتنی خاڵمەوە لەپڕ خۆی بە ماڵدا کرد، لێیان پرسی ئەوە لە کوێ بووی؟ ئەویش کە سەیری فیشەکدان و تفەنگی جاشانەی خاڵمی کرد گوتی، لە ماڵی مام ڕەحمان بووم کەرێکی تازەی زۆر جوانیان بووە، خاڵیشم پێی گوت هەی ئافەرم بەو منداڵییە چەند عاقڵە، لەبەر حورمەتی خاڵی ناوی جاش ناهێنێ).

حورمەتی ئەو منداڵە بۆ خاڵە جاشەکەی چووەتە ناو ئەتوار و بیرکردنەوەمانەوە، کە جاشەکان بشمانکوژن لە ڕوویان نادەین و پێیان ناڵێین جاش، کەسیش ئەوەندەی کورد شارەزا نییە لە داتاشینی ناوی باقوبریق بۆ ئەو گرووپ و دەستە و بالآنەی ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕێیان کەوتووەتە گوزەری جاشایەتی.

لە بەشی ڕابردوودا ئەوەندەی بوار هەبوو لەسەر ئەو برینە وەک کورد دەڵێ تیراوەیە دوام و ئێستاش دوای وەبیرهێنانەوەی دوو برینەکەی دیکە، لەسەر ئەو بابەتە بەردەوام دەبم.

**سێیەم برین**: گەلەکۆمەکیی دنیا، بڕیاری دنیا لەسەر پارچەپارچەکردنی کورد و مانەوەی بەژێردەستەیی و تەنیایی.



سەرچاوە
Serchawe

**برینـــی چـــوارەم**: ئەو زووخـــاوەی دەســـەڵاتی کـــورد، چ لە کـــاتی شـــۆڕش و چ لە کـــاتی حوکمڕانیـــدا بە گەرووی هاونیشتمانییەکانیدا دەکات.

* * *

مێژووی شکانی کورد بەتەنیشت خیانەتەوەیە، هیچ شکانێکی کورد نادۆزیتەوە چیرۆکێکی خیانەتی لەتەنیشتەوە نەخەوتبێ. ئەو جۆرەش لە خیانەت کە ناوە کولتوورییەکەی جاشایەتییە،

**دوو جار کاریگەریی خۆی جێ دەهێڵێ:**

**یەکەمیان**: ئەو کاتەی کاری خۆی دەکات و ڕێگا بۆ دوژمن دەکـاتەوە، یـان زانیـاری دەداتێ و بەشدارییەکی کـارا دەکـات لە لەناوبردنی خەونی گەل.

**دووەمیان**: شکاندنی شکۆ و بـاوەڕبەخۆبوون، لە هەموویشی مەترسیدارتر نەهێشتنی متمانەیە لەنێوان گرووپ و کۆمەڵەکـانی سەر بە هەمان نەتەوە.

هەموو نەتەوە ژێردەستەکان شتێکی هاوشێوەیان هەیە، شتێک وەک هاوکـاریی سوپای داگیـرکەر و دوژمندۆستی، شتێک وەک دژە(خـۆ)بـوون و خەنـجەر لەپشـتەوە لە یەکتـر وەشـاندن. بەڵام لەبەرئەوەی مێـژووی خەبـاتی شۆڕشـگێڕی ئەو نەتەوانە ئەوەنـدە درێـژەی نەکێشـاوە، ئەوەنـدە لە یەک خـانەدا نەسووڕاوەتەوە بـواری بـۆگەنکردنی و بەلاڕێداچوونی وەک هـی کـورد دەست نەکەوتووە، بۆیە ئەو کاریگەرییە گەورەیەی لەسەر نەبووە کە لەسەر کورد هەیەتی.

**مێژووی خیانەت نەتەوە ناناسێ، لە شوێنە هەرە کاریگەرەکان دەردەکەوێ.**

**بۆچی مێژووی خیانەتی کورد ئەوەندە ئاشکرایە:**

کێشـەی کـورد کێشـەیەکی ڕاسـتەقینەیە، ئینسـانی کـورد لەبەر کوردبـوونی چەوسـاوەتەوە، لەبەر زمـان نەزانینـی سـزا دراوە. ڕاستە ئەو سزایە بەپێی شوێن و کات گۆڕاوە، لە تورکیای نوێ لەبەر بەکارهێنانی هەر وشەیەکی کوردی بـڕە پـارەیەک وەک سزا دیاری کرابوو، لە کاکی کورد وەرگیراوە، واتـا دەستوور و یاسا و دادگـا و پـۆلیس و مـافی مرۆڤ لەو سزادانە بەشدار و هاوکـار بـوون. لە ئێرانـی پەهـلەوی ئەو سـزایە شـێوەیەکی دیکەی وەرگرتـووە، ئێسـتاش کوردبـوون لە ئێرانـی ئیسـلامیدا

بەرامبەر بە گومڕابوونە و پێیان دەڵێن (دوژمنی خودا) دیارە سزای دوژمنی خوداش لە وڵاتێکی ئیسلامیدا چییە. لە عێراق و سووریاش خراپتر (کە ناکرێ یەکەیەکە نموونەیان لێ بهێنینەوە)، بێ گومان ئەوە لە ڕووی کەسییەوە، واتا کورد تەنیا لەبەر ئەوەی کوردە جیاوازیی پێکراوە و سزا دراوە، دواتر وەک نەتەوەش سزا دراوەتەوە، بۆت نییە بە زمانی خۆت بخوێنی، پاسپۆرت و ڕەگەزنامەکەت یان لەژێر فەرمانی ئەواندایە، یان وەک کوردانی سووریا هەر نییانە. ئەو ڕەوایەتییەی کێشەی کورد زۆر زوو خیانەتکاری ئاشکرا کردووە، ئەوەی چووەتە بەرەی ستەمکارەوە خێرا دەرکەوتووە. واتا کە تۆ بوویتە دەستکێشی ئەو حاکمەی سزای کاکی کورد دەدات لەسەر بەکارهێنانی زمانی زگماکیی خۆی، کە سەر بە نەتەوەکانی دیکەی ستەمکاری و کە کوردیشی جاشی. (لێرەدا جاش بە مانای ئەوە دێ کە تۆ کلکت هەیە و هەموو کەس دەیبینێ با لەژێر هەرناوێکدا بیشاریتەوە، یان پاڵتۆکەت گەورە بێت و دایپۆشێ).

زۆر ئاسانە گوندپارێزەکانی کوردستانی باکوور چین؟ ناویان گوند پارێزە، پارێزگاری دەکەن، بەڵام لە کێ؟ لەو سوپا و دەزگایەی هەموو ڕۆژێ خوێندەوار و چالاکوانی مەدەنی کورد کەلەپچە دەکات، دادگایی دەکات، هاتوچۆ قەدەغە دەکات، گەنجان گوللەباران دەکات، ئیدی دیارە گوندپارێز با هەزار ناوی دیکەشی لێ بنێن، خۆی لەژێر ناوی خیانەتکار دەبینێتەوە، خۆی بە جاش دەزانێ. ئەوە بۆ هەموو پارچەکانی دیکە ڕاستە. ئەو پێناسە کولتووریی کۆمەڵایەتی دەیکات نەک سیاسەت یان حزب.

بۆ کۆستی قورسی ئەم ئەیلوولە، ئەو کەسەی لەدوور و نزیک ئاگاداری سووتاندنی ماڵی کوردی خورماتوو بووە، بە هەر شێوەیەک و بە هەر بیانوویەک دەستیان لەگەڵ ستەمکار تێکەڵ بووە، هەر ناو و پێناسێکی هەیە، ڕووداوەکە، هەڵوێستەکە پێی دەڵێن خیانەتکار، ناوی جاشی لێ دەنێن.

کە تۆ باوەڕت بە دەستووری ئەو عێراقە هەیە و کاری بۆ دەکەی، کە دەبینی کچانی خورماتوو فەساد دەکرێن، دەبینی دوکان و ماڵی کورد دەسووتێنرێ و دەنگت لێوە نایە، هەتا پەنا بۆ ئەو دەستوورەش نابەی کە خەڵکی پێ دەترسێنرێ، هەتا ناچی لە دادگا پۆخڵەکانی خۆشیان سکاڵایەکیان بۆ تۆمار کەی، ئەوە بزانە جاشی و هەر کەسێک ئەو کچەی ئەتک کردبێ ئەوە تۆ بووی، هەر کەسێک ئەو کارەی کردبێ بە هێزی تۆوە کردوویەتی، با تۆ پایەبەرز بی لای خۆت، با ئەندام پەرلەمان و وەزیر و سوپاسالار و سەرکۆماریش بی. بۆ کڕینەوەی ناموسی خۆشت تەنیا دوو ڕێگات لەبەردەمە، یەکەمیان بیسەلمێنی کە ئەو کچانە درۆ دەکەن و ئەتک نەکراون، کە ماڵە کورد و دوکانی کوردی خورماتوو نەسووتێنراوە، بیسەلمێنی ئاڵای کوردستان لەسایەی هاوکارەکانت نەخراوەتە ژێر پێ، سەری نەبڕدراوە و فڕێ نەدراوەتە خوارێ. بیسەلمێنی ئەوە هەمووی فیلم بوو، خەون بوو، خەیاڵی خۆمان بوو، من باوەڕت پێدەکەم.



سەرچاوە
Serchawe

ڕێگای دووەم ئاسانترە، چونکە هیچکامتان وەک ژنە پەرلەمانتارە ئێزدییەکە لە کاتی ئەتککردنی کچانی ئێزدی و هاوئایینەکانی نەبووریتەوە و دنیات لەو تاوانە ئاگادار نەکردووە، داوای لێبووردنیش دادت نادات و تۆ لە خانەی خیانەتکارانی، بەڵام ئێمەی کورد غیرەتی ئەوەمان نییە ناوت بێنین و بە حورمەتی ئێوەوە کە ماڵی هاوسێکەشمان کەرەکەیان زا، ئێمە دەڵێین (ماڵی مام ڕەحمان کەرێکی تازەیان بووە) تۆ کە خۆت لەو پێناسەدا دەبینییەوە، جا سەر بە هەر گرووپێکی، جا سەر بە هەر حزبێکی ئازا و شۆڕشگێڕی، دڵنیا بە خیانەتکاری.

ئەگەر ئەوەی سەرەوە یەکەم سیفەتی خیانەت بێ، ئەویش ئەوەیە کە هاوپەیمانەکەت هێشتا سووکایەتی بە نەتەوەکەت دەکات، تۆش سەلامەتی. دووەم سیفەت ئەوەیە کە تۆ باوەڕپێکراوی ئاغاکەتی، تا ئێرە ئاساییە، بەڵام کە بۆت دەرکەوت جەنابی هاوپەیمانی ئاغات لەسەر زمان لێدانێکی تۆ نیوەی شار دەسووتێنی، بەڵام بە پاڕانەوە و لاڵانەوەشت کەسێکت بۆ ئازاد ناکرێ، بزانە تۆ خۆت فرۆشتووە، تەنیا پارەکەت وەرنەگرتووە.

بێ بەهرە نابێ قسەیەکی بە توێکڵی ڕەسووە شێتی گەرمکان بگێڕمەوە: ڕەسوو لەبەر ئەوەی قسەلەڕوو و ئازا بوو، پێیان دەگوت ڕەسووە شێت، لە هەشتاکان، سەرۆک جاشێک لەناو بازاڕی شاری قەڵادزێ دەگاتە ڕەسووی و پارەی دەداتێ، ڕەسوو وەری ناگرێ، جاشەکە وادەزانێ ڕەسوو پارەکەی پێ کەمە، بۆیە هەندێکی دیکەشی بۆ دەخاتە سەر، هەر وەری ناگرێ، جاشەکە دەڵێ: "دەزانم پێت کەمە" بۆی دەکاتە ١٠ دینار، ڕەسوو دەڵێ "لەبەر کەمیم نییە، هەر پێم حەیفە ئەتۆ بەو گەوادییەی پارەی پەیداکەی و ئەمنیش لێت بستێنم." کابرای جاشیش پیاوی چاک بوو، گوتبووی، "بە شێتی نییە، وەڵاهی قسەی ڕاست دەکات".

بێ گومان جاشایەتیش پلەی هەیە. ئەو مەلایەی ئامادەی دادگایdکردنی پێشەوا قازی مەحەمەد و هاوڕێکانی بوو، ئەو پیاوە مێژوو ناوی خیانەتکار و جاشی لێ ناوە، بەڵام ئاستی هەڵوێستی ئەو مەلایە لەگەڵ ئەو خیانەتکارانەی لەگەڵ تەسلیمبوونی وڵاتدان جیاوازە، ئەو مەلا خیانەتکارە (بەغیرەتە) کاتێک یەکێک لە هاوڕێکانی پێشەوا دەبینێ، دوای چاوەڕێکردنێکی دوورودرێژ لەبەر بەفر و سەرما، دوای بینینی لەسێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێکەی شتێک لە ورەی بەردەدات، وەک پاڕانەوە دەڵێ (خۆ ئیمە هیچمان نەکردووە بۆچی لەسێدارەمان دەدەن) ئەو مەلایە کە دوژمن متمانەی پێ کردووە، بەحیساب جاشە، پێی دەڵێ (فلان مەرد بە و مەپاڕێوە، وەک هاوڕێکانت بە ئازایەتی بچۆرە بەردەمی سێدارە، دڵی ئەو دوژمنانە خۆش مەکە، جگە لە بەکەم تەماشاکردنت هیچ ڕەحمت پێ ناکەن).

ئێستا قوتووە قووپاوەکە بەکەڵکمان دێت، بەڵام ئاخ کە فرێ دراوەتە زبڵدانی مێژووەوە.



سەرچاوە
Serchawe

(٤)

ئەوەی پەیوەندیی بە برینی دووەمەوە هەیە، کە بابەتی وتاری پێشوو بوو، بۆچی مێژووی ئەو برینە ئەوەندە قووڵە؟ مەبەست برینی خیانەت و پشت لە وڵاتکردن، بۆچی ئەوەندە زوو زوو دووبارە دەبێتەوە؟ ئایا چارەسەری یان هیچ کەس و گرووپێک لەسەر خیانەت سزا دراون؟ گومانێک کە لەناخەوە ئازارم دەدات ئەوەیە، لەناو ئەو گەلەدا کە لە سەرانسەری دنیادا جێگایەکی نییە، لە فەرهەنگی ئیداری و سیاسیدا پێناسێکی نییە، ئەرێ کەسێک، گرووپێک، دەزگایەک نییە بوێریی ئەوەی هەبێ خیانەتکاران سزا بدات، جاش وەک جاش بناسێنێ!

مێژووی جاشایەتی یان خیانەت لەوە دەچێ ئەوەندەی کورد کۆن بێ؟ ئەوەی جێگای سەرنجە کەسانی ئاسایی کەمتر کەوتوونەتە ناو ئەو تەڵەوە، بنەماڵە گەورەکان، عەشیرەتە بەناوبانگەکان، کەسایەتییە ناسراوەکان زیاتر پێیان خزاوە. زیاتر هاوکاریی داگیرکەران بوون، زیاتر خۆفرۆش بوون.

هەر لە مێژووی نوێدا ئەوەی بنەماڵەی بەدەسەڵاتی بابانییەکان، واتا میر و پاشایەکان بە ئیمارەتی بابان و میرنشینەکەیان کرد، نە دوژمن و نە کەسایەتییە ئاساییەکان نەیانکرد، نەک هەر ئەوە میرەکانی بابان دەیان جار لەشکری داگیرکەری تورکی و فارسییان هێنایە سەر ئیمارەتەکەیان و بە داگیرکردنیاندا. رۆژێک برازا پێش لەشکری والیی بەغدا دەکەوت و سلێمانیی دەدایە دەستی سوپای داگیرکەر، ڕۆژێک مام سوپای ئێرانی دێنایە سەر ئیمارەتی بابان. ئەوەندە دڵگرانم بە مێژووی داگیرکاری، نامەوێ ئەو جارانە یاد کەمەوە کە حاکمانی بابان لەشکری بیگانەیان هێناوەتە سەر یەکتر.

چیرۆکی ئەردەڵانییەکانیش زۆر لە چیرۆکی بابانییەکان پاکتر نییە، بە ڕادەیەک خیانەت بەربڵاو بووە کاتێک سەرۆک وەزیران و هەمەکارێکی کوردی ئەردەڵانی نامە بۆ شای ئێران دەنووسێ و داوای لێ دەکات کە سوپا بێنی و داگیریان کات "چونکە ئێستا لە هەموو کاتێک ناتەباتر و خراپترین"، شای ئێران، هەر چەند دوژمنی کورد و دەسەڵاتەکەیەتی سەرسام دەبێت و هەر چەند دەکات نازانێ ئەو سەرۆک وەزیرانە کوردە بەنیازە ببێ بە چی کە داگیر بکرێن و بە چ نیازیک دەیەوێ وڵاتەکەی تەسلیمی سوپای داگیرکەر بکات!

مێژووی ئەو سەد ساڵەی ڕابردووی شۆڕش و خەباتی کوردیش لە هەموو بەشەکانی کوردستان پڕە لە چیرۆکی سەیر و

سەمەرەی خیانەت. لە سەردەمی شێخ مەحموودەوە تا ئەمڕۆ. لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا خیانەتی (چەکداری) ئەوەندە بڵاو نەبووە، ئەگەر بشکرابێ زوو ئاشکرا کراوە و ڕیسوا کراوە.

ئەوەی جێگای سەرنجە، لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردووەوە، ئەو دیاردەیە بەتەواوی ئاڵۆز و چەواشە دەکرێ، بەتایبەتی لەبەردەم ڕای گشتی، خیانەت و جاشەیەتی دەکرێتە جۆرێک لە بیر و باوەڕی جیاواز، جۆرێک لە ڕێڕەوی تایبەت، جۆرێک لەتوێڵەکردنەوە و خۆ جیاکردنەوە، تا دەگاتە ئەوەی بە شێوازێک لە خەبات بەسەر خەڵکدا بفرۆشرێتەوە. زۆرجاریش نموونەکانی جاشایەتی و خیانەت دەکرێنە پاڵەوان و تێکۆشەری مێژوویی.

تا ئەمڕۆ کورد بوێریی ئەوەی هەبووە لەسەر هەڵەیەک شۆڕشگێڕ و دڵسۆزەکانی سزا بدات، هیچ نەبێ دەنگیان بەسەردا هەڵبڕێ، بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە ڕووبەڕووی خیانەتکاران یان جاشەکان ببێتەوە. کورد تاکە نەتەوەیە هێڵی نێوان دڵسۆزی و خیانەتکاری بە ڕادەیەک کاڵ کردووەتەوە کە نابینرێ، تەواو وەک هێڵی نێوان بلیمەت و شێتی لێ کردووە. کورد تاکە نەتەوەیە کە جاشەکانی دلێرن، بە دەنگی دلێر و ڕووی لە پێستی کیسەڵ قایمترەوە ئامۆژگاریی خەڵک دەکەن. کورد تاکە نەتەوەیە جورئەتی ئەوەی نییە نەک جاشەکانی سزا بدات، بەڵکوو هەرگیز بوێریی ئەوەی نەبووە هەتا پێشیان بڵێ خیانەتکار. هەتا ئەمڕۆش کورد ناتوانێ لیستی شۆڕشگێڕ و جاش لە یەکتری جیاکاتەوە. ئەوەش گەورەترین زەبری بە کاروانی شۆڕشگێڕی گەیاندووە. هێنانەوەی جاشەکان بۆ نێو ڕیزی خەباتکاران (ئەگەر ئەو ڕیزەش هەبووبێ) لە هەموو ئەو هەلانەی هەڵکەوتوون، بە ڕادەیەک خەڵکی لەسەر خیانەت ڕاهێناوە، کە کەسێکی ئاسایی ترسی ئەوەی هەیە جێگای نەبێتەوە، لەبەر ئەوەی لە مێژووی ژیانیدا خیانەتی نەکردووە.

هەڵوێستە سیاسی و ئیدارییەکانی ئەو بیست ساڵەی ڕابردووش بەتەواوی جاشایەتی گەیاندە خانەی پاشایەتی، چونکە جاش بە پاداشت و پشتگرتنی لە لایەن سوپا و هێزی داگیرکەرەوە هەرگیز ناگاتە پلەی پاشایەتی کە تەواوی شاری لەسەر تاپۆ کەن، جاش ئەو کاتە دەگاتە پلەی پاشایەتی کە خیانەتی ئەو لەگەڵ دڵسۆز و خەباتگێڕ و فیداکاران یەکسان دەبێتەوە. ئەو پرۆسەیە بوو هێزی دادپەروەرانەوە و فیداکاری سەدەیەکی پێشمەرگەی بەتاڵ کردەوە. ئەو کاتەی کە خوێنی شەهید، کە بێ باوکیی منداڵانی خەباتگێڕ لە ڕێگای خانەنشینی و پارەوە یەکسان کرانەوە، نەک هەر ئەوە پلە و پۆستیان وەک پاداشتی جاشایەتی بەسەر هەمووانـدا بەرز کرایەوە و شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە و پێشمەرگەی ڕاستەقینەیان کردە بەردەستی جاشی پۆستدار و خاوەن پارە. بۆ ئەوەی بابەتەکە لە وتاری ڕۆژنامە درێژتر نەبێتەوە و دواتر بپرژێمە سەر وردەکارییەکانی گەندەڵیی بەڕێوەبردن لە برینی چوارەمدا ئەو برینە لێرەدا دادەپۆشمەوە.

**برینی سێیەم:** گەلەکۆمەکیی دنیا، بڕیاری دنیا لەسەر پارچە پارچەکردنی کورد و مانەوەی بە ژێردەستەیی و تەنیایی.

ئایا جیهان هەمووی دژی کوردە؟ ئایا ئەو جیهانە جێگای کوردی تیدا نابێتەوە؟ دەپرسم بەهای ئەو ملیۆنان لاپەڕە و کتێبانە چین دەربارەی یەکتر قبووڵکردن و مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەکان نووسراون؟ لە هەموو ئەو نووسراوانەدا کورد وەک دەعبایەکی دوور لە مرۆڤ سەیر کراوە؟ نهێنیی ئەوە لەچیدایە هەر کەسێک دەسەڵاتی هەبوو، هەر کەسێک پرسی پێ کرا و قسەی خواردی، دەبێ دژی کورد بێ؟ ئایا نەدیتنی کورد بەشێکە لە ئەتەکێتی بەرپرس و شارەزابوون لە شێوازی بەڕێوەبردنی دنیا؟ ئەوە چ سیحرێکە لە کورد کراوە، لە هەر شوێنێکی سەر ئەو زەمینە سەر دەربینێ، سەدان پێ هەن پانی کەنەوە؟

ئەو شارەزا و زانا و هەمەکارانەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوە دەبەن، بە نووزەی مشکێکی تاقیگە گریانیان دێت و هەموو توانایان دەخەنە گەڕ بۆ ئەوەی ڕزگاری کەن و دووبارە نەبێتەوە، کەچی بەرامبەر کوشتن وماڵسووتاندن و وێرانکردنی کوردستان بەدرێژایی مێژوو نەک هەر بێدەنگن، بەڵکوو بەئاشکرا ڕاستییەکانی ئەو کاولکارییە دەشارنەوە، ئەوە چ نهێنییەکە هەموو دنیا کۆک بن لەسەر بێدەنگکردنت، لەسەر کوشتنت، لەسەر دابەشکردن و ڕیسواکردنت، لەسەر کۆیلەبوون و ژێردەستەییت!

لەبەردەم تەواوی جیهان، بەوپەڕی شانازییەوە، لەناو باڵەخانەی نەتەوە یەکگرتووەکان، هاوار دەکەن لە تورکیا تەنیا یەک نەتەوە هەیە، تەنیا تورک هەیە، هاوار دەکەن هەموو تاکێکی تورکیا شانازی بە تورکبوونی خۆیەوە دەکات، ئەوە چ سیحرێکە لەناو ئەو هەموو خوێندەوار و ڕۆژهەڵاتناس و ئینسان ناسە، کە مێژووی تەواوی جیهانیان ئەزبەرە، تاقە کەسێک هەڵناستێ و بڵێ، پیاوە گەورەکانی دنیا، شازادە و سەرۆک و بلیمەتانی هەر چوار سووچی دنیا، لە تورکیا نەتەوەیەکی دیکەش هەیە، خەڵکانێکی دیکەش هەن، زمانی تورکی نازانن، شار و گوند و کانیاوی خۆیان هەیە، پشیلەکانیان بەناوبانگن، ئەو پشیلانە لەسەرانسەری دنیادا تاقانەن، چاوێکیان شینە و چاوەکەی دیکەیان زەردە، هەیانە چاویان سوورە. لەناو ئەو هەموو مرۆڤدۆستە کەسێک هەڵنەستا بڵێ، بەڕێزان تەواوی جیهان پێنج سەد ساڵە بەرامبەر ئەو نەتەوەیە کە ناوی کوردە تووشی نەخۆشیی ئاڵزهایمەر بووە. کەسێک نەبوو بڵێ برایان لەجیاتی گرنگیدان بە نەشتەرگەریی گەورەکردنی سمت و سینگ، دەبێ مێشکی جیهان نەشتەرگەریی بۆ بکرێت و لەو نەخۆشییە قورسە، لەو ئاڵزهایمەرە گشتییەی نەدیتنی کورد ڕزگار بکرێ.

سیستمی نوێی جیهان باوەڕ بە بوونی نەتەوەیەک ناکات، تەنیا لەبەر ئەوەی ژمارەیان شەش ملیۆن، بیست ملیۆن، چل ملیۆن



سەرچاوە
Serchawe

کەسە. نا ئەوە بایەخێکی نییە، ژمارەی مرۆڤ و هەناسەدان و زاوزێکردنی نیشانەی بوونیان نییە. هەبوونی وڵات و شار و گوند نیشانەی ئاوەدانی نییە لای ئەوان، چیرۆکی خۆشەویستی و زەردەخەنەی سەر لێوی منداڵ و دووکەڵی لوولە سۆبەی سەربان نیشانەی ژیان نییە. نا ئەوانە ناچنە ناو فەرهەنگی بوونەوە، ئەوانە تەنیا باوەڕ بە هێڵێکی سووری سەر نەخشە دەکەن، هێڵێک لە هەموو جیهان جیات کاتەوە، سنوورت دیاری کات، ئەوە نیشانەی بوونە، ئەوە نیشانەی ژیان و وجوودی نەتەوەیە.

ئەوان دەتوانن بەو هێڵە سوورانە ژیانت پێ ببەخشن یان لێت بستێننەوە. ئەو هێڵە سوورانەیان کردووەتە هەوا و ئاو و ژیانی ڕاستەقینە، تەنیا لەبەرئەوەی بۆ خۆیان دەتوانن ئەو هێڵانە ببەخشن.

ڕاستە لە سەردەم و کاتی جیاوازدا دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکان، چ ئەو کاتانەی دەسەڵاتدار بوون، یان بە مەبەستی کاری سیاسی و ئابووری و سیخوڕی، چاودێریی ئەو جوگرافیایەیان کردووە کە کوردی لێ دەژی، ئێستا هەزاران و ملیۆنان دۆکیومێنتیان لەسەر وڵاتی کوردان هەیە، تا ئێستا بەردەوامن، بەڵام ئەوان لە هەموو ئەو دۆکیومێنتانەدا کورد و وڵاتەکەیان تەنیا بە کەرەستەی ئابووری و سەربازی و سروشتی زانیوە. تەنیا بۆ لێکۆڵینەوە و چۆنیەتیی دەست بەسەرداگرتن و کۆنترۆڵکردنیان ویستوون. ئەویش لە دوو ڕووەوە:

**یەکەمیان**: کوردیان وەک کۆیلە بۆ کارکردن، وڵاتەکەشیان وەک سامان و دەستکەوت سەیر کردووە.

**دووەم**: زۆر جاریش لێکۆڵینەوەی وردیان لەسەر کورد کردووە تا بزانن چۆن دەتوانن بیانکەنە داردەستی خۆیان و دوژمنەکانیان پێ تەمبێ کەن، وەک سوارەی حەمیدی لە سەردەمی حوکمڕانیی عوسمانییەکان، بەکارهێنانی کورد بۆ قەڵاچۆکردنی ئێزدییەکان لەسەردەمە جیاوازەکا،ن لەلایەن دەسەڵاتە سیاسی و کولتووریی عەرەبەکانەوە، دواتریشیان بەکارهێنانی کورد وەک ئازا و چاونەترس و بەهەڵمەت و هێرشبەر دژی داعش، کە دنیا تا ئەمڕۆ بەدەست ئەو هێزە تیرۆرستەوە داماوە.

ڕاستە دواتر بەبێ پێشمەرگە داعش شکا و توانییان بەسەریاندا زاڵ بن، بەڵام یەک جیاوازییان لەگەڵ بەرگری و شەڕی پێشمەرگە هەبوو. ئەویش ئەوە بوو پێشمەرگە شەڕی بەرامبەر دەکردن، هێرشەکانی تێک دەشکاندن و شار و گوندەکانی لێ وەدەگرتنەوە، بەڵام هێزەکانی دیکە نەیانتوانی یەک تاقە شار لە داعش بستێننەوە، بەڵکوو پێشتر شارەکانیان بە سەدان جۆری بۆمبی مەزن و تیشکی و پێشکەوتوو دەسووتاند و وێرانیان دەکردن، جا دەچوونە ناویان، هیچ شارێک نییە بە

سەلامەتی لە دەستی داعش وەرگیرابێتەوە، بەڵکوو تەنیا شەقامی هەڵدڕاو و خانووی سووتاو و وێرانیان دەست کەوتووەتەوە. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا پێشمەرگە بە سیمبولی شکاندنی دڕندەترین هێزی جیهان ناسێندرا، لەگەڵ ئەوەشدا کورد لەو بازنەیە نەچووە دەر کە تەنیا بۆ سەرکوتکردنی ئەوانی دیکە تەواو وەک بەکارهێنای سوارەی حەمیدی سەیر کراوە، دەنا وەک مرۆڤی خاوەن وڵات و کەرامەت بە شایانی بستەخاکێکی نازانن.

بەشی هەرە زۆری فەیلەسوف و زانا و ئەدیبەکان ڕایان وایە کە مرۆڤەکان بۆ خۆیان چارەنووس، دواتریش مێژووی خۆیان دروست دەکەن. زۆریان ئەو قسەیان کردووە بۆیە، نامەوێ بیدەمە پاڵ یەکێکیان، ئەوانیش کەوتوونە هەمان هەڵەی ئەو سیستەمەی دنیا بەڕێوە دەبات، بەوەی کوردیان نەدیوە دەنا دەیانزانی تەنیا کورد لە داڕشتن و نووسینەوە و دروستکردنی مێژووی خۆی، داهاتووی خۆی هیچ ڕۆڵێکی نییە.

ئەوە سیستەمی دنیایە ڕۆڵ دابەش دەکات، تا ئەمڕۆ ڕۆڵی کورد لەسەر شانۆ جیهان ڕۆڵی قوربانییە، قوربانییەک هەتا تواناى هەڵبژاردنی ئەو چەکەشی نییە کە پێی دەکوژرێ. ئەوەش دنیا بڕیاری لەسەر دەدات، سەردەمێک بە دەستڕێژی گوللە و سەردەمێک بە هەڵواسین و ڕۆژێک بە سلینگ و ڕۆژێک بە کارەبا و سەردەمێکی دیکە بە کیمیایی و ڕۆژێکی دیکە بە زیندەبەچاڵکردن و ئێستاش بە برسیکردن و ماڵ سووتاندن.

ئەو برینانە قووڵن، ئەوەندەی ڕەگی دنیا و هەتاو قووڵن. فراوانن، ئەوەندەی فراوانیی دنیا فراوانن. ئەوەی کورد دەکوژێ تەنیا نەتەوەکانی دراوسێ نین، تەنیا هاوئایینەکانمان نیین، نەخێر، دەکرێ بپرسین ئەی کێیە هێندە لە کورد داغدارە، دەیەوێ تا دنیا دنیایە بەسەر قەنارەوە بێ؟

**نەتەوە یەکگرتووەکان بۆگەنترین ڕێکخراوە تا ئەمڕۆ ئینسانیەت لەو ئاستە باڵایەدا بەخۆیەوە دیبێتی**

(٥)

**دەکرێ بپرسین: ئەوە کێیە هێندە لە کورد داغدارە و دەیەوێ تا دنیا دنیایە بەسەر قەنارەوە بێ؟**

**ئەوە دوا پرسیاری بەشی پێشووە، ئەو سزا قورسەی بەسەر کورددا دراوە لە سۆنگەی چیەوەیە؟**

**ئەو ڕقە قورسە چییە بەرامبەر کورد لە سیستەمی جیهانیدا ڕۆژ بەڕۆژ بەخوڕتر هەڵدەقوڵێ؟**



سەرچاوە
Serchawe

کێ مافی ژیان دەداتە نەتەوەیەک، کێش دەتوانێ لێی بستێنێتەوە؟ ئەو بازنە داخراوە نەفرەتییە چییە کە ناکرێ نە فراوان بکرێت و نە بشکێنرێ؟ چ میراتێکە ئەوە دوای ئەوە بەجێ دەمێنێ، ئاغایەتی بۆ ئەوان و کۆیلایەتی بۆ کورد؟ ئایا جوگرافیای وڵاتەکەیە بووەتە هۆی ئەو سزا قورسە؟ ئایا سروشتی خەڵکەکەیە؟

تا لاپەڕە هەیە ڕێچکەی پرسیار تەواو نابێ. تورکێک بۆ ئەوەی بتوانێ سەرکەوێ، چ وەک سەربازێک و چ وەک سیاسییەک دەبێ زۆرترین ڕقی خۆی بۆ کورد نیشان دا، عەرەبێک بیەوێ لە هەڵبژاردندا بباتەوە دەبێ لە کورد تووڕە بێت و باوەڕی بە هیچ مافێکی ئەو نەتەوەیە نەبێ، بەئاشکرا هەوڵی لەناوبردن و کوشتنی بدات؟ ئەوە چ کولتوورێکی مەترسیدارە، چ کولتوورێکی کوشندەیە بۆ ئەوەی بەرز بیتەوە دەبێ کورد بخەیتە ژێر پێ!

لە وتارەکانی پێشوومدا شتێک، بەشێک لە وەڵامەکەم داوەتەوە، بەڵام بەرامبەر ئەو سزا قورسەی کە کورد بەدەستیەوە دەناڵێنێ، هەم لە سەختیی شێوازی سزاکە و هەم بۆ ئەو ماوە دوور و درێژە بەس نین؟ دەبێ بەدوای وەڵامی دڵنیاکەرەوەتردا بگەڕێین، وەڵامێک نا، بەتەنیا هۆکارێک نا، دەبێ ڕەگی ئەو هۆکارە ڕاستەقینانە بدۆزینەوە، بزانین چییە، بۆچی کەس کورد بە شایانی ئەوە نازانێ خاوەنی خۆی بێ؟ بۆچی کەس کورد بە شایانی ئەوە نازانێ شارێک بەڕێوە بەرێ؟ دەشێ کورد خۆیشی چووبێتە ژێر باری ئەو بانگەشەیەوە، کە ناکرێ کورد حاکم بێ، ئەوەش مەترسیدارترین خاڵی هاوکێشەکەیە کە کورد تەسلیمی لێکدانەوەکانی ئەوان بوو، کە کورد باوەڕی بەبێ توانای خۆی کردبێ، کە دانی بەوەدا نا بەڵێ خۆی پێ بەڕێوە نابردرێ. بۆ ئەوەش نموونەیەکی نزیکمان هەیە، هەر تۆزێک لێڵە، ئەویش ئەوەیە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، تەنیا دوو سەرکردەی عێراقی لە کەمترین ماوەدا گەیشتنە بەغدا، ئەوانیش هەردووکیان کورد بوون، ناسراو، کارێکتەری کاریزمایی، خاوەن هێزی چەکدار، کەچی نە هێزە بیانییەکان و نە دوو سەرکردەکە بۆ خۆیشیان خۆیان بە شایانی ئەوە زانی کە حکوومەتێکی کاتی لە بەغدا دروست کەن، بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت دەسەڵاتی ئەم وڵاتە بگرنە دەست، نەک هەر ئەوە بە هەموو لایەک، شار بە شار و کۆڵان بە کۆڵانی ئەورووپا و دنیا گەڕان تا چەند کەسێک هەڵگرنەوە و بیانکەنە سەرۆک و سەرکردە. ئا، تا بیانکەنەوە سەرۆک و بەهێزیان کەنەوە و جا کورد داوای مافەکانیان لێ بکەن کە نایدەن؟

**ئەو قسە هیچە چییە بەرامبەر چەوسانەوەی گەلێک بۆ سەدان ساڵ دووبارە بێتەوە، چ بەهایەکی هەیە، لە کوێی ئەو ڕووداوەدایە کە پێشتر باسم کرد.**

**(نە دار دەبێتە ماشە، نە کورد دەبێتە پاشا).**

ئەو قسەیە قسەی دۆستیک نییە، حیکمەتێک نییە مێژوو بۆی گواستبێینەوە، ئەوە پاشماوەی شەڕێکی دەروونیی درێژخایانە، پاشماوەی هێرشێکی دەروونیی بەردەوامە، بە مەبەستی شکاندنی ئیرادەی کوردە لەناوەوە، دۆڕاندنی لەناوەوە، بەمەبەستی وێرانکردنی متمانە و باوەڕبەخۆبوون، مل پێکەچکردنیەتی بۆ هەمیشە. ئەوە دوای ئەزموون و ژیانە لەگەڵ کورد و دۆزینەوەی خاڵی لاوازیەتی.

ئێستا ئەوەتا بەپێچەوانەی سروشتی خۆیەوە، لە زۆر شوێن دار وەک مقاش بەکار دێت، واتا دەکرێتە ماشە، واتا ئەگەر کورد سەلماندی بەڵێ دەکرێ دار ببێتە ماشە، ئیدی دەکرێ کوردیش ببێتە پاشا! بەڵام هەردووکیان بەپێچەوانەی سروشتی خۆیان و بڕیاری دنیاوە. ئەو چیرۆکانەی گاڵتە بە حوکمداریی کورد و عەقڵی بەڕێوەبردنی دەکەن، لەناو ئەو گەلانەی حاکم و سەردارن هێجگار زۆرە، بە ڕادەیەک لە سنوورەکانی کوردستانیش پەڕیوەتەوە و لە وڵاتێکی وەک میسر کە سەرچاوەی شارستانیەتی کۆن و ئەهرامەکانە. کۆنترین وڵاتی یاسادانان و دادگایە، لە مێژووی نوێشدا سەقافڵەی وڵاتانی پێکەوتووی ناوچەکەیە، لەو وڵاتەدا کە بیانەوێ ئەوپەڕی نیگەرانیی خۆیان بەرامبەر کەسانێک نیشان دەن کە پێیان وایە بە سووک مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات پێی دەڵێن (تستکردنی) واتە بە کوردم دەزانی، یان دەمکەیە کورد، وەک بڵێی (بە کەرم دەزانی یان کەرم دەکەی) (ببوورن لە خراپیی دەستەواژەکە بەڵام ئەوە ڕاستییە).

### لە ماشەوە بۆ ڕەگەزی قەرەج

**کورد لە ڕووی خۆبەڕێوەبردنەوە گەلێکی قەرەجە (ببوورن: لەگەڵ ئەوپەڕی حورمەتم بۆ قەرەج) قەرەج لە دوو سیفەتدا بە کورد دەچێ:**

**یەکەمیان**: بێ وڵاتی، بێ خاکی.

ڕاستە وەرزی کۆچکردنی کورد وەک هی قەرەج ڕێکوپێک نییە، واتا قەرەجەکان لە کاتێکی دیاریکراودا بار دەکەن و هەر لە کاتێکی دیاریکراویشدا دەگەڕێنەوە. ئەوان بۆ بابەتی موڵکداری سروشتی باڵندەیان هەیە، ئەویش ئەوەیە، ئەو شوێنە یان ئەو شارە یان ئەو ڕووبارە هەر ئەوەندە هی ئەوانە تا ئیشیان پێیەتی و بەکاری دەهێنن (بە ڕای من هەر ئەوەش شێوە ڕاستەقینەکەی موڵکدارییە، هەموو شتێک ئەوەندە هی تۆیە کە بەکاری دەهێنی).

**کوردیش ئەو سیفەتەی قەرەجی هەبووە و هەیە واتا (بێ شار و وڵاتە) بە چەند جیاوازییەک:**



سەرچاوە Serchawe

١- کورد ئەو شێوە ژیانەوەی بەسەردا سەپێندراوە خۆی هەڵی نەبژاردوە.

٢- کاتی کۆچکردنەکەی دیاری نەکراوە، پەیوەستیش نییە بە ئاو و هەواوە (بەهار و زستان)، بەڵکوو پەیوەندیی بە ئاوهەوای سیاسییەوە هەیە، بە بورکانی تووڕەیی هاوسێکانیەوە هەیە، بە گەردەلوول و گێژەڵووکەی تووڕەیی هاوسێ و هاوئایینەیەکانیەوە هەیە، دەشێ هەموو ڕۆژێک کورد ناچاری کۆچپێکردن بکرێن، یان هەموو ساڵێ. جیاوازییەکەش دیارە کۆچکردن و کۆچپێکردن.

٣- لە کاتی کۆچکردندا قەرەج هەموو کەلوپەلەکانی خۆی دەبات، بەڕە و قاپ و قاچاغ و هەتا سەگەکانیشیان، بەڵام کورد ناتوانێ جلوبەرگ و لانکەی منداڵ و حەبی نەخۆشەکانیشی لەگەڵ خۆی بێنێ.

٤- قەرەج لە دڵەوە دەڕوات و دڵی بۆ شوێنەکەی پێشووی لێ نادات و ڕۆیشتنەکەی بە درێژەدان بە پرۆسەی ژیان دێتە بەرچاو و تەواوی بیر و ئەندێشەی لەو شوێنەیە کە بۆی دەچێ. کورد دڵی لەو شوێنە بەجێ دەهێڵێ کە بەجێی دەهێڵێ، هەمیشە چاوی لەدوای خۆیەتی.

٥- قەرەج دەزانێ بۆ کوێ دەچێت و ژیانی داهاتووی چۆن دەبێ، کورد هەرگیز نەیزانیوە بۆ کوێ دەچێت و نەیزانیوە ژیانی داهاتووی چۆن دەبێ، تەنیا بیری لەوە کردووەتەوە ژیانی پارێزراوبێ و خۆی دەباز کات کە هەرگیز پارێزراو نەبووە.

٦- قەرەج بە دەنگی زەنگوڵەی گەردنی کەر و ئێسترەکانی کۆچی خۆی ڕادەگەیەنێ، گۆرانییەک دەکەوێتە شوێنی. کورد بە دەنگی گریان و هاوار هاوار کۆچی دەست پێ دەکات و گوللە و کوشتن دەکەوێتە شوێنی.

٧- قەرەج تەواوی ئەندامەکانی خێزان و خێڵەکەی لەگەڵە و پێکەوە کۆچ دەکەن، کورد چەند ئەندامێکی خێزانەکەی لێ بەجێ دەمێنێ و هەندێکیان دەکوژرێن یان دەستگیر دەکرێن.

**دووەم**: دووەم سیفەت کە کورد و قەرەج زۆر لێکتر نزیک دەکاتەوە، ئەوەیە کە هەردووکیان ڕقیان لە خوێندەواری و دۆکیومێنت و شوێنپێ جێهێشتنە لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو. کورد جگە لەوەی لەسەر هەموو ئەدەبیاتی کلاسیکی (کە هەندێکی گەیشتووەتە لامان) هیچ بەڵگەیەک یان دەستخەتێکی نییە، هیچ کامیان دەفتەرێکیان بە ساغی لەدوا بەجێ نەماوە، بێ گومان هەمووشیان پاساوی ڕازیکەری خۆیان هەیە، تا دەگاتە گۆران، هەر بۆیە هەتا ئێستا هەندێک کەس زۆر بەئاسانی دەڵێن، وەلی دیوانە هەر وجوودی نەبووە، ئەو شیعرانەی بۆ دروست کراوە، من دەزانم ئەوە چ خەیاڵێکی خراپە، بەڵام



سەرچاوە
Serchawe

هەیە، بۆ کوردیش هەروا دەشێ لە هەر سەردەم و کاتێکدا خەیاڵی ئەوە بکرێ کە نەتەوەیەک بە ناوی کورد هەر لە وجووددا نەبووە، ئەو خەیاڵە سەد ساڵی تەواوە تورکیا و ئێران و سووریا و عێراقی بەپێوە ڕاگرتووە. تاکە مەترسیی سەر کورد، وەک تاک وەک نەتەوە، تاکە مەترسیی لەسەر کوردستان وەک خاک وەک جوگرافیا، بوونی ئەو چوار دەوڵەتەیە. سادەترین قسەش ئەوەیە هەتا ئەو چوار دەوڵەتە هەبن کورد وجوودی نییە. لەوەش سادەتر ئەوەیە هەتا کورد هەبێ لە هەناوی هیچ کام لەو دەوڵەتانەدا ئارامی دروست نابێ.

### سەگ بە هێزی کلکی ئێسقان دەشکێنێ

ئەوە حیکمەتێکی کوردە، ئەوە کاکڵی ئەزموونە. سەگ گیاندارێکی عاقڵ و ئەزموونگەرە (بەو واتایەی لە ئەزموونەوە فێر دەبێت، خودان ڕێزێکی زۆرە لەسەر ئاستی جیهان) بۆیە مەبەستم لە هێنانەوەی ئەم نموونەیە، بێ ڕێزیکردن نییە بە ئینسانەکان یان نەتەوەکان بە هیچ شێوەیەک، بەڵام کە لەنگییەکی بۆ سەگ تێدا بوو داوای لێبوردن لەو توخمە نەجیبەی گیانداران دەکەم.

### لێکەوتەی پرسیارەکە ئاوا دەردەکەوێ:

ئەو نەتەوانەی ڕۆژهەڵات بە هێزی چی کورد دەشکێنن؟
یان ئەو کلکە کێیە ئەو هێزە دەداتە نەیارانی کورد تا بیشکێنن؟
چونکە کورد تا ئێستا ئەوەندە شکاوە ئیدی ئێسقان (یان هەر شتێکی دیکە) لە جەستەیدا نەماوە و قرچەی نایات.
دۆزینەوەی ئەو کلکە و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەمانگەیەنێتە یەک مەبەست.

دیسانەوە ئەو هێزە کێیە، چییە هێندە لە کورد داغدارە بۆ ئەبەد بەسەر قەنارەوەی هەڵواسیوە، کە دەشێ هەمان کلک بێ کە هێز دەداتە نەتەوەکانی دیکە تا کورد بشکێنن؟

پێویستە یەک هەنگاو بۆ ناو مێژوو بگەڕێینەوە، نەک بۆ ئەوەی وەڵاممان دەست کەوێت، بەڵکوو بۆ ئەوەی بەرچاومان تۆزێک ڕوون بێتەوە.

کاتێک پاشا و بەگی ئەمارەتە کوردییەکان چ لە بەشی ئێران و چ لە بەشی عێراق ئەوەندەی لەبەر دەست بێ، کاتێک پاشای ئەمارەتێکی کورد چووەتە لای سوڵتانی عوسمانی، یان چووەتە تاران بۆ مۆرکردنی پەیماننامەیەکی دۆستانە، پێش



سەرچاوە Serchawe

هاتنەوەی بۆ کوردستان و بۆ ئەمارەتەکەی خۆی، بە دۆستایەتی یان بە زۆر کورێکی هەرە خۆشەویستیی سەردارە کوردەکەیان لای خۆیان بە بیانووی خوێندن و فێربوون وەک بارمتە گێڕاوەتەوە. بۆ ئەوەی ئەو پاشا یان سەرکردە کوردە کاتێک دەچێتەوە وڵاتەکەی خۆی، هەمیشە لەبیری بێت پەیماننامەی مۆر کردووە و بۆ جێبەجێکردن و پەیوەستبوون پێیەوە بارمتەی جێ هێشتووە، بچووکترین لاملیی لە پەیماننامەکە ژیانی بارمتەکە دەخاتە مەترسییەوە.

هەر بۆ نموونە مەحمود پاشای بابان لە سەردەمی مێرمنداڵێدا لە کرماشان لای فارسەکان بارمتە بووە، ئەوە کاتێک کە لەگەڵ باوکیدا بۆ دۆستایەتی و پەیماننامە مۆرکردن چوونە ئەوێ {وەک کلۆدیۆس جیمس ریچ لە یاداشتەکانیدا (گەشتێک بۆ کوردستان) لە ساڵی ١٨٢٠ لەسەر زمانی مەحموود پاشا خۆیەوە بۆمان دەگێڕێتەوە، لە شوێنێکی کە وردتر باسی ڕووداوەکە و سەرچاوەکە دەکەم}

ڕوونکردنەوە و حیکمەتی ئەوە چییە؟ بە یەک ڕستە، بارمتەی ڕووحی کورد لە سندوقی ڕەشی پایتەختی ڕکەبەرەکانیدایە (ئەو کاتە ئەستەنبوڵ، تاران) ئێستاش بەغدا و دیمەشقیشی هاتووەتە سەر. تا ئەمڕۆ ڕووحی کورد لەناو سندوقە نهێنییەکانی بەغدا و تاران و ئەنقەرەدا بارمتەیە. ئەو چوار کەڵەمێردەش بە هێزی کلکیان کورد دەشکێنن.

ئەو کلکە ئەستوور و بەهێزەش لەپێش هەموویانەوە بەریتانیا و ئەمەریکان، جا سەرجەم وڵاتانی ناو نەتەوە یەکگرتووەکانە، کە بۆگەنترین ڕێکخراوە تا ئەمڕۆ ئینسانیەت لەو ئاستە باڵایەدا بەخۆیەوە دیبێ. تاکە ڕێگا ئەوەیە لە هەموو بۆنەیەکی نەتەوەیی و ئاییینیدا کورد لە سەرانسەری دنیادا، دژی ئەو ڕێکخراوە دوژمن بە کوردە بڕژێتە سەر شەقام و کۆڵانەکان، تەنیا داواکاریشمان ئەوە بێ ئەو ڕێکخراوە لە فەرهەنگ و نووسراو و دۆکیومێنتەکانیدا وشەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەکان بۆ ئەبەد بسڕێتەوە. دەکرێ بڵێم:

**هەر وشەیەکی مافی مرۆڤ کە لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەکار دەهێنرێ بە خوێنی کورد سوورە.**

(٦)

**من تەنیا چوار دانەم لە برینەکانی کورد نووسیوە، دەشێ ئێوەش هەر یەکە و هەزاری دیکەی پێوە زیاد کەن.**

**یەکەم**: برینی برایەتیی ڕواڵەتی و درۆ کە کورد لە پێناویدا قوربانیی داوە. برایەتی بەبێ هاوسەنگی هێزی یاسایی و هێزی سەربازی و هێزی دارایی جگە لە کۆیلایەتی هیچ شتیکی دیکە نییە.

**دووەم**: خیانەت و جاشەیەتی، كە لەناو كورددا نەک بووەتە دیاردە بۆتە عادەت، زۆر جار جێگای شانازییش. دەیان ناوی جیاوازیشیان بۆ دۆزیوەتەوە، هەر لە سوارەی حەمیدی و فورسان سەلاحەدین و گوندپارێز و هێزی كوتەک، فەوجە سوكەڵەكان و دەیان ناوی دیكە، ئەوەی زۆر سەیرە لەو باشوورە شۆڕشگێڕە هەر دە ساڵ جارێک ناوێكی پڕ سیحر و جادوو بۆ جاش و خیانەتكار دەدۆزنەوە، ناوی ئەوەندەی شیرین زۆرێک لە زانا و داناش حەز دەكەن ئەو ناوەیان هەبێ. چەندان گۆڤار و ڕۆژنامە و كەناڵی تایبەتیش بۆ زیاتر شیرینكردنی ئەو ناوانە كەوتوونە گەڕ.

**سێیەم**: برینی هەر گەورە بەكۆیلەكردنی كوردە بە یاسا و سیستەمی جیهانی. واتا زلهێزەكان كوردیان وەک گیانداری كێوی لە چەند قەفەزێكی جیاواز كردووە، بە ناوی قەفەزی عێراق، قەفەزی ئێران، قەفەزی توركیا، قەفەزی سووریا، نەک هەر ئەوەش بەهێزترین چەكی ڕۆژیش دەدەن بە حوكمدارەكان تا ئەوەندەی دەتوانن ئەو گیاندارە كوردانە هەر بۆ گاڵتە ڕاو كەن، لە كاتی بچووكترین سەربزوێیش قەتڵ و عامیان كەن. لەسێدارەدانی شێخ سەعیدی پیران، عەبولسەلامی بارزانی، پێشەوا قازی محەممەد، بەدیلگرتنی ئوجەلان بە پلانێكی نێودەوڵەتی، تا دەگاتە كیمیابارانكردنی هەڵەبجە و هەموو كوردستان، ئەنفال و جینۆساید، تا شەڕی كەركووک و وێرانكردنی خورماتوو هەر هەمووی بە ئیمزای ڕاستەوخۆی دەوڵەتە زلهێزەكان بووە، بەتایبەتی بەریتانیا و ئەمەریكا.

**برینی چوارەم**: شێوازی ژیانی كورد، ئیدارەكردنی كوردی، برینە قووڵەكە حوكمدارییەكەی خۆیەتی، ئازارە ئەبەدییەكە گەندەڵی، كە هیچ لە فرۆشتنی كەركووک كەمتر نییە. ئەو برینە تاكە برینە كورد بەدەستی خۆی لە جەستەی خۆی كردووە، وەک تیراوە وایە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر تەشەنە دەكات. دەشێ ناوی گەندەڵی، دزی، خیانەتی ئەمانەت، نابەرپرسیاریەتی، نەزانی، نەدیتنی داهاتوو، بێ كەرامەتی بەشێک لە بەرپرسان و چەندان ناوی دیكەی لێ بنرێ. لەدرێژەی ئەم بەشەدا هەوڵ دەدەم زیاتر دەمی ئەو برینە بكەمەوە، تا ئەوانەی بەرپرسن لێی بزانن بۆنی دەمیان، یان بۆنی دەمی برینەكەیان چەند جاڕسكەرە. بەو شێوەیەش دەست پێ دەكەم:

ئایا ئیمە بەڕاستی دۆڕاین؟ ئایا دەسەلاتێک و شێوەیەک لە بەڕێوەبردن دۆڕا یان كورد دۆڕا؟ ئایا دۆڕانی پەیوەندیی شلۆق و بێمتمانەیی نێوان حزبەكان بوو هەرەسی هێنا یان كورد ڕووخا؟ ئایا هیچ نەتەوەیەک هەیە وەک كورد مەسەلەكەی، كێشەكەی، دۆزەكەی وا ئاسان دۆڕاندبێ و هێندەش بێخەم بێ؟ ئەرێ بۆچی تەنیا شكستی ئەمجارەمان زۆر بەتامی دۆڕان و لەبەر یەک هەڵوەشانەوە دەچێ؟ ئەرێ بۆ شكستی ئەمجارەمان هێندە پڕ شەرم و سەرشۆڕییە، خۆ ئێمە دەیان جاری دیكەش شكستمان هێناوە؟ ئەرێ ئەوە تەرمی بەزینە بەسەر شانی خەڵكەوە ڕۆژانە دەیبینم؟ ئەرێ نەتەوەیەک بۆ ماوەی سەد ساڵی تەواو بۆ تاقە ڕۆژێک ملی نەدابێ، بۆ تاقە ڕۆژێک نەچووبێتە ژێرباری تەسلیمبوون، ئەمڕۆ بۆچی ئەوەندە بێ ئومێد و

ڕووخاوە؟ ئایا ئەو ڕووخانە ڕووخانێکی سەربازییە؟ تەسلیمبوونە بە پارە و مووچە؟ برسێتییە؟ یان بێ هیوا بوونیەتی لە دۆزەکەی؟ یان شکستیەتی لەو ئومێدەی لەسەر دنیای بەناو دیموکرات و ئازاد هەڵیچنیبوو؟

**لە هەمووشی گونجاوتر بێ ئومێدبوونیەتی لە بەرپرسی کورد، لە دەسەڵاتی کوردی، لە گەندەڵی؟ لە وەزیر، لە پەرلەمانتار، لە بەڕێوەبەری گشتی، لە ئەندام لق و کۆمیتە و مەکتەبی سیاسی، لە جڤات و سەلەفی و درۆزن و نووسەری هەڵەوەڕ؟**

زۆربەی بەرپرسانی کورد تاکە هەوڵیان مسۆگەرکردنی ژیانی منداڵەکانیان و پڕکردنی قاسەکانیانە نەک مسۆگەرکردنی ژیانی نەتەوەکەیان و پڕکردنی دڵی گەلەکەیانە لە ئومێد، ئەوەیە دۆڕانە گەورەکە. بیرکردنەوەی تەسکی ئەو پاڵەوانە کارتۆنانەی گەل لەودا زیاتر ئاشکرا دەبێ، کە بۆ گەلێکی ژێردەستە و زوڵملێکراو بەبێ مسۆگەرکردنی ژیانی گشتی هەرگیز ژیانی تاکەکان مسۆگەر و ئاسوودە نابێ با کوڕی وەزیر و گزیریش بن.

هەر کەسێک کە چووەتە فەرمانگەیەک بە دەرگای فراواندا بردوویانەتە ژووریّ، سەرەی نەگرتووە، منداڵەکەی وەک هی خەڵک نەیخوێندووە، ڕۆژێک موحتاجی پارەی بەنزین و کارەبا نەبووە، ترسی لەتبوونی مووچە بەرۆکی نەگرتووە، چەندان جار زەویی وەرگرتووە، ئوتێلی دروست کردووە، بەنزینخانەی هەیە، با باش بزانێ گەندەڵیی کردووە و گەندەڵی و دزییش هیچی وای لە فرۆشتنی کەرکووک کەمتر نییە.

**بەپرسانی هەوا و ئاوی خەڵک...**

لێرەوە بپرسن، لە خۆتان بپرسن، ئەرێ ئێمە لەو بیست و شەش ساڵەی حوکمڕانیماندا کە بە لای کەمەوە دوو ئەوەندەی ماوەی حوکمڕانیی سەدام حوسێن بوو بەسەر کوردستانەوە، لەو ماوە درێژەدا چیمان کردووە، چیمان بۆ کورد کردووە لەبیری نەچێتەوە و شانازیی پێوە بکات؟ چۆن توانیومانە گەلێک کە ورەی لە پۆڵا بوو ئاوا بتوێنینەوە، ئاوا بیرۆخێنین، ئاوا ڕیسوای کەین، بیکەینە سواڵکەر؟ سواڵکەری ژیان، سواڵکەری ورە و ئازایەتی، سواڵکەری ئومێد؟ دزی حەفازەی منداڵ؟

**چۆن توانیتان گەلێک بکوژن و پارچە پارچەی کەن، بێ ئەوەی خوێنی برێژن؟**

**گەلێک بە ڕووتی فڕێ دەنە بەر پێی گورگ و کەمتیار؟**

دەبێ هەمووتان ئەوانەی ڕۆژێک کلیلەی قاسەکانیان بەدەستەوە بووە، ئەوانەی شارەزای پڕکردنەوەی وەسڵی بەتاڵ بوون، ئەوانەی کرانە پاسەوانی تەمەنی خەڵک و ڕۆژەکانتان دزین، ئەوانەی بە هەزاران مەتر زەوییتان وەرگرت و فرۆشتتانەوە، دەبێ ئەوان بۆ خۆیان ئەو پرسیارانە لە خۆیان بکەن و وەڵامیش بدەنەوە.

ئەی ئەو پیاوە ڕووتەڵەی کردیانیە بەرپرسی هەوا و ئۆکسجین، ئەی ئەو سووکەی بەرپرسی جاشەکانی خەفیفە بووی، ئەمن بووی، پێڵاولێس بووی، ژیانی خەڵکت کەوتە بەردەست، تەمەنیانت دزی، حوکمداریی کوردت بۆ هەمیشە لەبەرچاو خستن، لەبەر خاتری ئەوەی ئوتێلەکەت نهۆمێکی دیکە بەرزتر بێ، ئێستا کە دەبینی مامۆستای ئەلف و بێی منداڵیت بۆ دەنکە حەبێک موحتاجە، تۆ چ دڵێکت بە پارەی ناو قاسەی دیوار و ئوتێل و خانووی هەزار مەتر و ئوتۆمبێلی باڵدار خۆشە؟

گەلێک کە هەموو نیعمەتێکی ژیانی دەخستە ژێر پێی و دەچووە شاخ، خەوی باوەشی ژن و ژێر بەتانی جێ دەهێشت و لە زیندانئدا پەنجەکانیان هەڵدەکێشا، ئەندازیار و دکتۆر بوون کار و فەرمان و مووچەیان جێ دەهێشت بە نان و دۆی سواڵ ڕازی بوون، ئەرێ لە خۆتان پرسیوە، ئەو گەلە بۆچی ئەمڕۆ بۆ مووچە دەگریا، وڵاتە چوارەمە گەندەڵەکەی سەر ئاستی دنیا بە فریادڕەس دەزانێ؟ کیمیابارانکەر و خاوەن بڕوانامەکانی جینۆساید و ئەنفال بە ڕزگارکەر تێگەیشتووە، ئاخر دەبێ لە خۆتان بپرسن بۆ ئەو گەلە وەرە ئاسنینە هاواری عەبادی دەکات؟ هاواری بکوژ و سووتێنەری خورماتوو دەکات. ئەرێ ئەو گەلە جسوورە بۆچی فرۆشیارانی کەرکووک ناداتە بەر تف و جنێو؟ دەبێ پێش ئەوەی لە کەس بپرسن لە خۆتان بپرسین، ئەرێ ئێمە کە لە خوێن و گۆشتی ئەوانین بۆچی لەبەر چاویان بووینە فیرعەون؟ ئەرێ دەکرێ گەلێک بە کوڵک و پێستەوە بەکرێ گیرابێ؟ گەلێک فێر کرابێ؟ گەلێک دژی خۆی بێ؟

من قسەم لەسەر ئەوە نییە دەست لەپشت چوارکەسەوە هەیە یان نا، من کێشەم ئەوە نییە وڵاتانی دراوسێ خەڵکی هان دەدەن یان نا، من دەزانم هاوسێکەی ماڵ بە ماڵم برسییە، خزمەکەم پارەی دەرمانی نییە، برایەکەم ناتوانێ بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی سەفەر بکات، من خەرجیی کوڕەکەم پێ هەڵناسوڕێ، هاوڕێکەم لەژێر خەرجیی زانکۆی کچەکەی پشتی چەماوەتەوە، کابرای بەتەمەن پارەی پاسی پێ نییە، باش دەزانم ئەو دەستەی لەپشتمانە و هانمان دەدات ڕەگی بێدادییەکە بیست ساڵە هاواری لەبەر دەکەین و کەس گوێ ناگرێ.

کەرکووک کە بە ڕاستی کەللەسەری کوردستانە نەک بەقسەی ڕواڵەتبازیی ئێوە، کەرکووک کە بەڕاستی شەهامەتی کوردستانە نەک شەڕە پەڕۆی ئێوە، کەرکووک کە کتێبی پیرۆزی کوردستانە نەک پۆست و نەوت و گەندەڵیی ئێوە، کەرکووک



سەرچاوە Serchawe

لای ئێوە قودسی کوردستانە، چونکە ئێوە قودس دەفرۆشن، ئەو خاکە تەنیا کەرکووکی کوردستان، پرسیتان ئەو شارە قیبلەیە داگیر دەکرێ، دەفرۆشرێ، تەسلیم دەکرێ، هەر ناوێک ئێوە پێتان باشە لێی بنێن، دەکەوێتەوە ژێر پۆستاڵی بەعسەوە، خیانەتکار و سپڵە دەیفرۆشن، کەچی کورد، کەچی شەقامی کورد، کەچی شار و گوندی کورد دەنگی لێوە نایە؟ ئەرێ لە خۆتان پرسیوە ئازایەتی و شەهامەت و خەباتگێڕی کورد چی بەسەر هاتووە، چ شێرپەنجەیەک لێی داوە؟ چ دەرمانێکی هەڵوێستکوژتان بە گەرووی نەتەوەکەتاندا کردووە!

ئەرێ جەنگاوەرانی پشت مێز و پۆست و حوکمڕانی، ئێوە، لە خۆتان پرسیوە کاتێک کچی کورد لە سەردەمی سەرکۆماری کورد و فیدراڵیی کوردستان ئەتک دەکرێ، ئەتک دەکرێ و ناموسی دەشکێنرێ، باوکی خۆی و کچەکەی دەکوژێ، تاقە کوردێک نایەتە سەر جادە، بۆچی؟ ئەرێ پرسیتان بۆ شەهامەتی کورد بەرامبەر ئەو پەرلەمانتارانە بێدەنگە کە هاونشینی شەوانی سووری جەلادەکانی بەغدان؟ دوایی ئەو هەموو خوێنڕشتنە، سەرکۆمار کە لە سەردەمی کورسیی زێڕینی ئەودا ناموسی ژنی کوردیان شکاندووە، ئەو پیاوە دێتەوە کوردستان کەس پێی ناڵێ کۆلستڕۆڵەکەت بەرزە دەبێ کەمێک پارێز بکەی، هەی بەغدانشین!

ئەو پیاوە قوونلێکەوتووەی دەبابەکانی لاشەی کوردی پان کردەوە، کە ناوی عەبادییە، هەندێ کورد دڵیان پێی خۆشە، بە فڕۆکە گوندەکان وێران دەکات، ئەگەر لەبەر فشاری وڵاتان نەبووە ئێستا فڕۆکە ئێف شازدەکانی دڵی هەولێریشی هەلاهەلا کردبوو، لەجیاتی ئەوەی پێی بڵێن کەپووت بەرزکەوە با دووکەڵی خورماتوو گێژت نەکات، کەچی دەستمان تا جەمسەری باکوور بۆ درێژ کردووە ئەو دەستی ناهێنێ!

ئەو برینانە قووڵن، ئەوەندەی ڕەگی دنیا و هەتاو قووڵن. فراوانن ئەوەندەی فراوانیی دنیای فراوانن. ئەوەی کورد دەکوژێ تەنیا نەتەوەکانی دراوسێ نین، تەنیا هاوئایینەکانمان نیین، نەخێر، دەکرێ بپرسین ئەی کێیە هێندە لە کورد داخدارە دەیەوێ تا دنیا دنیایە بەسەر قەنارەوە بێ؟ ئەرێ دەبێ کورد خۆی نەبێ؟

ئەو هێزە و توانایەی کورد بۆ وێرانکردنی یەکتر، بۆ بێ ئومێدکردنی یەکتر بەکاری هێنا، ئەگەر نیو ئەوەندە هێزەی بۆ دروستکردنی وڵاتەکەی، بۆ ئاشتکردنەوەی گەلی دڵشکاو، بۆ ڕێکخستنی ژیانی هەزار پارچەی کوردی داماو بەکار هێنابا، ژنێک، پیرێژنێک، کچێکی برا کوژراو هەر دەبوو دەست بداتە بەردێک و تەختی بەغدا بلەقێنێ. تەختی بەغدا بە هاوار هاوار و پیلان نالەرزێ، تەختی بەغدا بە بەردی دڵسۆزی، دادپەروەری، دڵفیدایی دەلەرزێ.

یەک کەس دەتوانێ بەغدا ببەزێنێ، تەنیا یەک کەس، ئەو کەسەی دادی نەتەوەکەی دەخاتە دڵیەوە، ئەو کەسەی خەمی قورسی پەککەوتە و خانەنشینانی کوردستانی هەیە، خەمی منداڵانی بێ سۆپا و شیری لەبەر، ئەو کەسەی شەو خەوی لێ ناکەوێ لەبەر گەنجی بێکار و نامراد. ئەوە کەسە دەتوانێ بەغدا بلەرزێنێ.

چاوەڕێی بەیانییەکی باش مەکەن، چاوەڕێی شکستی بەغدا مەکەن، تا ئەو ڕۆژەی ئێوە پەلەمانتارانی کورد لە بەغدا، تا ئەو ڕۆژەی هەمەکارانی کورد لە کوردستان، شەو لەبەر ژانی گەلەکەتان خەو لە چاوتان نەتۆرێ، هەراسان نەبن، تا ئەو کاتەی دان بەوەدا نەنێن چەند دڵڕەق بوون بەرامبەر گەلەکەتان، چاوەڕێی شکستی بەغدا مەکەن تا ئەو ڕۆژەی ژنە شەهیدێک لە دڵخۆش بە دڵسۆزی ئێوەوە، پەنجەرەی بەغدا نەداتە بەر بەرد، دڵنیا بن پەنجەرە و تەختی بەغدا لەوە بێهێزترە بەرگەی زەبری بەردی دڵسۆزی بگرێ.

(٧)

**دیاریکردنی برینە قورسەکانی جەستەی کورد کارێکی گران نییە، بەڵام چارەسەری تا ڕادەیەک ئەستەمە، بۆیە ئەوەی گونجاوە و دەکرێ تەنیا ئامانجەکانی ئەو شەش وتارە کۆ کەمەوە:**

**ئامانجەکان، چ داهاتوویەک لە روانگەی برینەکانەوە چاوەڕێمان دەکات.**

برینەکان ڕاستەقینەن، ڕاستەقینەن و قەتماغەشیان کردووە، لە هەر ساتێکدا بێ دەشتەقنەوە، بەتایبەتی لە ساتە ئاڵۆز و گرنگەکاندا (ڕۆژانەش ئاگاداری تەقینەوەی چەندان برینی تازەین)، بەتایبەتی لەو کاتەنەدا کە تۆ پێویستت بەوەیە قەدماغەکانیان نەشکێ. برینە بۆگەنکردووەکان سەرچاوەی هەموو شکست و نەهامەتییەکن، ڕزگاربوون لێیان تەنیا ئازایەتی و خۆڕاگری و ڕووبەڕووبوونەوەی دەوێ، لەگەڵ ئامادەکاریی تەواو، بەڵام بەشی زۆری چارەسەرەکان لە دەستی کورددا نییە.

## برینی یەکەم: برایەتیی هەم ناچاری و هەم ڕواڵەتی

دەبێ کورد برا نەتەوەییە هاوسێ و هاوئایین و هەتا گرووپە دوور و دەرەوەی سنوورەکانی خۆیشی خۆش بوێ، بەڵام چۆن و لە چ کاتێکدا.

**بە یەک ڕستە: برایەتی کاتێ سروشتییە، کاتێک پێویست و ئاساییە کە ئاستەکان هاوسەنگ بن.**

ئایا هیچ ئالیەتێک لەبەر دەستی کورددا هەیە بۆ ئەوەی ئاستەکان هاوسەنگ کات؟ بۆ ئەوەی برایەتییەکی ئاسایی و هاوشان دروست بکات؟ وەڵامی ئەو پرسیارە بۆ ئێوە جێ دەهێڵم.

ئەم نموونەیەش یارمەتیمان دەدات وەڵامەکەمان دەستکەوێ، ئایا ئەحمەد کایە چی لەدەست دێ؟

ئەحمەد کایە ویستی برا بێ، برای ڕاستەقینە، لەو پێناوەشدا دەنگە سیحرییەکەی خۆی خستە خزمەتی زمان و کولتووری ئەو کەسانەی دەبوو (برا) بن، دەنگی ئەحمەد کایە ڕەونەقێکی دیکەی بە زمانی تورکی بەخشی، دەنگێک کە چووە سەر سامانی کولتووری ئاواز و گۆرانییان.

ئەحمەد کایە بەڕاستی باوەڕی کرد بران، ئەوانە مرۆڤ و برا و هاووڵات و کەسی یەکترن، لەوپەڕی خوێنگەرمی و جوانیدا، بیری منداڵی و کۆڵانەکانی شارەکەی و ئازیزانی کرد، بەو هونەرمەندە برایانەی خۆی گوت:

"دڵم گەرمە، بیری وڵاتەکەم دەکەم، من کوردم، گۆرانیی کوردی دەڵێم".

ئەگەر چەکی ئەتۆمی لەو هۆڵە تەقیبایەوە، ئەگەر چێرنۆبڵیان لە کاتی تەقینەوەدا، بە هەموو هێزی خۆیەوە بهێنابە بەردەمیان، هۆڵەکە ئاوا نەدەشڵەژا. ئەو هەموو هونەرمەندە شارستان و خوشک و برایانە وا نەدەپەشۆکان، ئاوا ئەتەکێت و مرۆڤدۆستی و ئاستی ڕۆشنبیریی خۆیان، وا خێرا بیر نەدەچووەوە، بۆ ئەو برا چەند ساڵەیان نەدەبوونە گورگ و دڕندە و تیمساح، ئەو ژنە ناسک و فریشتانە نەدەگۆڕانە سەر ئاژەڵی کەڵبەدار. ئەو هونەرمەندە مەزنانەی تورک کە ئاواز و عەشق و جوانی چاوی پڕ کردبوون لە فرمێسک، لەناکاو چوونەوە سەر ئەسڵی سەد ساڵ پێشتری خۆیان و بوونەوە جەلاد.

ئیدی پیاوە گەورەکەی گۆرانی، ئەحمەد کایە بووە دوژمن، چیرۆکی برا ڕواڵەتییەکە زوو شکا، دایانە بەر جنێو و چەنگاڵ و تەپڵەکی جگەرە، ئەگەر دوو گارسۆنی کورد لەوێ نەبان و بە پاڵ و پەشۆکاوی ڕزگاریان نەکردبا، دەشێ کوژرابا.

ئەحمەد کایە نە ڕیفڕاندۆمی کردبوو، نە چەکدار بوو، دەنگی زێڕینی خۆی خستبووە خزمەتی زمانی برایەکانیەوە.

دەشێ بپرسین: کوردبوون چ ژەهرێکی تێدایە، ئاوا تورکێکی شارستان و بەئەتەکێت، دڵ نەرم و ڕۆمانسی لە خولەکێکدا دەکاتەوە دڕندە و هێرشبەر، دەکاتەوە گیاندارە کەڵبەدارەکەی سەرەتای مێژوو. ئەوە چ خۆشییەکە گەلێک بە تەواوی پێکهاتەکانیەوە، بە نووسەر و هونەرمەند و عاشق و دارتاش و پاقلەفرۆش و بازرگان و مامۆستا و ژن و منداڵیەوە، لە



سەرچاوە
Serchawe

کوشتن و حاشالێکردنی گەلەکەی هاوسێیانی دەبیین، چ لەزەتێکە بە کوشتن و سووتاندنی کەسێک و هەزاران و ملیۆنان و سووتاندنی گوندێک و شارێک و سەرانسەری وڵاتیک تەواو نەبێ. ئەو دایکە دڵسۆزەی کە منداڵەکەی تایەکی سووک دەگرێ، نازانێ چۆن بیگەیەنێتە لای دکتۆر و چارەسەری کات و هۆن هۆن بۆی دەگریا، ئەو دایکە دڵنەرمە، ئەوە چۆنە بۆ کوشتنی هەزار منداڵی دیکە، کە هەر لەژێر هەمان ئاسماندا دەژین دڵخۆش و شادمانە. بێومێدییەکە ئەوەیە، بێچارەییەکە ئەوەیە، دەردەکە لە جەستەی ئەواندایە.

هەمان پرسیار هەمیشە ئامادەیە، ئەو ئالیەتە چییە بە دەست کوردەوە کە ئەو برایەتییە ڕواڵەتییە بکاتە برایەتییەکی ڕاستەقینە؟ جگە لە تەسلیمبوون، جگە لە وازهێنان لە ماهییەتی نەتەوەیی، جگە لە چاوپۆشین لە کولتوور و زمان و بوونی کورد، دۆزینەوەی هەر ڕێگایەک بۆ دروستکردنی برایەتیی ڕاستەقینە، دروستکردنی پەیوەندیی هاوشان لە دۆزینەوەی بیردۆزی ڕیژەیی، لە دۆزینەوەی کارەبا و بۆمبی ناوەکی قورسترە، شایانی زیاتر لە خەڵاتی نۆبڵیشە.

## ئەنجام لە برینی دووەمدا

لەو هەمـوو لێکـدانەوانەی لەسـەر برینـی دووەم، خیـانەت و جاشـایەتی و هاوکـاری لەگەڵ دوژمـن نووسـیمان، جـگە لە شیتەڵکردنی حاڵەتەکە چیمان دەست نەکەوت، ئایا چ ڕێگایەک هەیە بۆ ئەوەی خیـانەت تەنیـا هەڵەی تاکەکەسێک بێت و نەبێتە ئەتوار و سلووکی گرووپی گەورە. ئەو دابەشبوونە قووڵەی کورد لەناو خۆیدا چ حیکمەتێکی لەپشتەوەیە؟

ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژانە زۆر شت ڕوون دەکەنەوە، ئەگەری گەورە دەورووژێنن. ئایـا کـورد هیچ هێڵێکی هاوبەشیان لەنێواندا نییە؟ ئایا کورد کۆمەڵە ئینسانێکن، قەدەر بە یەکیەوە کۆکردوونەوە و هیچ فکرێکی نەتەوەیی بە یەکیـانەوە نابەستێتەوە؟ ئایا ئەوەی خەڵکی شارەکانی کوردستان بە یەکەوە دەبەستێتەوە نانخواردن و چەنـد سـەعات کارەبـا و ڕایەڵەی زێرابەکـانە؟ ئایا شەهامەتی نەتەوەیی لە کاتی تووڕەبوون و بێ پارەییدا هیچ بەهایەکی نییە؟ ئایـا ئەدەبیـاتی بەرگری و فیـداکاری و نـامە بەخوێن نووسراوەکەی چوار ئەفسـەرە کوردە شەهیدەکە هەموو درۆ بـوو؟ ئایـا کیمیابـارانکرنی هەڵەبجە و ئەنفـال و جینۆسـاید لەسـەر ئەوە بـوو کـورد نەیـدەزانی بـاش بە ڕێگـادا بـڕاوت؟ ئایـا پەیوەنـدیکردن بە داگیـرکەر و دوژمـن لەپێنـاو ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیدا بۆ وێرانکردنی کوردستان ڕێگا پێدراوە؟

دەشێ ڕاستییەکە ئەوە بێ، کـورد هەر نەگەیشـتبێتە ئاسـتی نەتەوە، یـان نەبـووەتە نەتەوە، تـا ئێسـتا لە شێوەی خێڵ و بنەماڵە و هۆزدا دەژی، هۆز و خێڵیش ئاستی داواکارییەکانیـان تەنیـا لە بـازنەی گوزەران و زاوزێ تێنـاپەڕێ. بەدیهێنـانی

ئەو ئامانجانەش پێویستی بە ئاستێکی باڵای تێگەیشتن نییە. دەشێ لەگەڵ هەموو جۆرە دەسەڵاتێک خۆیان بگونجێنن. ڕاستە زۆرێک باوەڕیان وایە کە دەوڵەت نەتەوە دروست دەکات، ئەو دەوڵەتەی کە کورد بە بڕیارێکی جیهانی لێی بێبەش بووە. بۆیە من بۆ یەکەم جار بەرامبەر نووسین و ئەنجامی نووسینەکە دەستەوەستانم. خەڵکانێک کە هەستی نەتەوەیی هاوبەشیان نەبێ، هەرگیز ناکرێ و ناگونجێ ئامانجی هاوبەشیان هەبێت، ئەوە یاسایە کە ئامانجی هاوبەشیش نەبوو، ئیدی هیچ هێزێک ناتوانێ هەموویان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. هەر گرووپ و خێڵ و بنەماڵەیەک خۆی بە سەنتەری بیرکردنەوە و بڕیاردان دەزانێ، بۆیە زۆر ئاساییە ئەمڕۆ بنەماڵەیەک شۆڕشگێڕ بێت و بەیانی خیانەتکار.

هەرگیز چاوەڕێی بیناکردن و ئازادییش لەو گرووپ و دەستانە ناکرێ. چونکە بەلای کەمەوە خەڵکانێکی دانیشتووی ناوچەیەکی دیاریکراو دەبێ ئەوەندەی تیپێکی تۆپی پێ ئامانجی هاوبەش بەیەکەوە کۆیان کاتەوە، تا ئامانجێکی هاوبەش و دیاریکراویشیان لەنێواندا دروست نەبێ، ئەوانە لەژێر هەرناوێکدا بن هەر دەستە و تاقمی پەڕاگەندەن و ناچنە ژێر هیچ وەسف و تەعریفێکی دیکەوە.

## ئامانجەکانی برینی سێیەم

غەدری یاسا و دنیا لە کورد، ئەو ئامانجانە چین لە خوێندنەوەی برینی سێیەم دەستمان کەوت، برینی سێیەم کردنە قوربانیی کورد لەلایەن سیستەمی نێودەوڵەتییەوە. ئەوەش پەیوەندیی بە کارکردنەوە هەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، گەیشتن بۆ کارکردن لەو ئاستەدا بۆ کورد زۆر قورسە، بۆیە تا ئەمڕۆ ئەم برینە لەدەرەوەی توانای کوردە و دەبێ هەر چاوەڕێی ناکۆکیی نێوان دەوڵەتان یان بەزەیی چەند دەوڵەتێکی زلهێز بکات، کە تا ئێستا جگە لە گاڵتەکردن بە کێشەکەی هیچی دیکەیان نەکردووە. ڕاستە ئەو دەوڵەتانە کە سەرچاوەی فکری ئازادی و مافی مرۆڤ و پاراستنی کولتوور و ئێتنیکە جیاوازەکانن، هەوڵی زۆریان داوە کورد وەکوو قوربانیی سەر قەنارە بمێنێتەوە، زمانەکەی بمێنێ، کولتوورەکەی بمێنێ، بەڵام وەک نموونەیەکی کۆنی ناو مۆزەخانەی جیهان، نەک وەک ئینسانی خودان ماف و نەتەوەی سەروەر. بیرکردنەوە لەوەی کورد سەرداری خۆی بێ بە سەدان هێڵی سوور و زەرد و شین و بۆر دەورە دراوە. جارێ تەنیا باسکردنی، یاداشتێکی پاڕانەوە بۆ سەربەخۆیی قورسترین تاوانە، هەرگیز ناکرێ کورد لەژێر سزاکەی دەرچێ. نەک هەر ئەوە، ئەوەندە بەقورسی کاریان لەسەر یەکە یەکەی کورد کردووە، کورد بۆ خۆیشی خۆی بە شایانی ئەوە نازانێ و ئەگەر بەڕێکەوت، لە بۆشاییەکی یاساییدا، یان بێهێزیی دەوڵەتە (خاوەنەکانی کورد) دەسەڵات بکەوێتە دەست کوردەوە، کەسیان ئەوی دیکەیان بە شایانی ئەو دەسەڵاتە نازانێ، لە دوژمنان بەجۆشتر هەوڵی لەناوبردنی دەدەن.

بۆیە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو برینەیان لە دۆزینەوەی ئەستێرەیەكی هاوشێوەی زەوی كە بۆ ژیـانی مرۆڤ بشێ، قورسـترە و هیچ خەڵاتێكیش نییە لەو جیهانەی ئێستاماندا لە ئاستی توانای ئەو كەسە یان حكوومەتەدا بێ كە بتوانێ چارەسەرێكی بۆ بدۆزێتەوە.

**هەر لەبەر ئەوەشە كە هەموو لێكۆڵینەوەیەک لەسەر كورد ناتەواوە و بە شەلەشەل دەڕوات، چونكە هەرگێز ناگرێ و نابێ بگاتە ئامانجی كۆتایی.**

## ئامانجی برینی چوارەم

خۆ بەڕێوەبردنی كورد، جیهان لە غەفڵەتێكدا باشترین هەلی بۆ كورد ڕەخساند، شێوازی حوكمكردنی خۆی نیشانی دنیا بـدا. ئەو غەفڵەت یان ئەو هەلە چەند جاری دیكەش بۆ كورد ڕخسـاوە، بەڵام هەرگیـز وەک ئێسـتا گونجـاو نەبـووە، لەو بیست و حەوت ساڵەدا هەموو میكانزمێكی بوونە دەوڵەتێكی نموونەیی لەبەر دەستی كورددا بـوو. نـزیكەی هەمـوو خـاكی كوردسـتانی باشوور، گەلێكی ئامادە و دڵسۆز، چەندین سەركردەی كاریزما و بەتوانا، هێزێكی گەورەی پێشمەرگە و چەكدار، كـرانەوەی دەرگای دەرەوە بەڕووی كورددا، ئامادەیی دەوڵەتان بۆ دروستكرنی پەیوەندیی هەمەجۆریان لە هەموو بوارەكانـدا. پێویسـتیی دنیا بە توانای كورد، بوونی كوردستان بە سەنتەرێكی گرنگی دیپلۆماسی، دەیان هۆكاری دیكە كە بە ڕاستی هەلێكی زێڕینی بۆ كوردستان ڕەخساند، كە جـوانترین شـێوازی حـوكمڕانی نیشـانی دنیـا بـدات، دەكرا ببێـتە نموونەیەک كە ئەوە بسـەلمێنێ لەناو ئەو هەموو دەوڵەتە دیكتاتۆر و دواكەوت و مەزهەبییەی ڕۆژهەڵاتدا، ببێـتە نموونەیەكی هەرە درەوشاوە كە ئیشـارەی پێ بدرێ.

بەپـێچەوانەی هەمـوو پێشـبینییەكانەوە، هـیچ بەرنـامە و ئامادەباشـییەک بـۆ بەڕێـوەبردنێكی دانسـقە نەكـرا، كـورد سـواری ماینچەقەڵی دەسەڵات بوو، وەک ئەوەی هاوشانی ئەلیزابێس شاژنی بەریتانیا بن. لەبیریـان چـووەوە ئەوان هەرچییەک بـن، ڕۆڵەی میللەتێكی هەتیـون، دەبـێ هەمیشە ئەوەمـان لەبیـر بـێ كـورد ڕۆڵەی میللەتێكی هەتیـوە، هەتیـوییش تـاكە سیفەتی ڕاستەقینەی هاوبەشی هەموومانە. كورد هەرچییەک بێ، میر بێ یان بەردەست، ئـاغا بـێ یـان جووتیـار هەتیـوە، هەتیـوییش جگە لە لاوانەوەی برینی یەكتر، هیچ چارەسەرێكی دیكەیان نییە.

هەرچۆنی بێ ئەنجام ئەوەیە، كورد لەو غەفڵەتەی مێژوودا كە دەسەڵاتی كەوتە دەست، نەیتـوانی ببێـتە نموونەیەكی بـاش، نەبوونە خزمەتكاری یەكتر، بەڵكوو بوونە قـاتیلی یەكتری.

**قسەی کۆتایی ئەوەیە،**

**ئەو ساڵانەی دەسەڵاتی کورد لەگەڵ هەموو کەموکوڕیەکان، سەردەمی زێڕینی کورد بوو، سەردەمی زێڕینی نەتەوەیی بوو، سەرەڕای هەموو ناخۆشییەکان، بە ڕۆژە زێڕینەکانی کورد ناوزەد دەکرێت لە مێژوودا. ئاواتەخوازم ئەوەندە ڕۆژانی پڕشنگدار بێنە بەردەم کورد ئەو ڕۆژانە لە چاویاندا زێڕین نەبن و تەنەکە بن. لەگەڵ ئەوەشدا کورد، هەندێکیان ئەو ڕۆژە زێڕینانەیان بە پارە و پۆست و گەندەڵی گۆڕییەوە، بەشێکی دیکەشیان کە لەبنەڕەتدا مەسەلەی نەتەوایەتییان بەلاوە گرنگ نییە، ئەو ڕۆژە زێڕینانەیان بە خیانەت و بوغز و ڕق گۆڕییەوە. ڕاستە لە چاوی منەوە هەموو ئەو گرووپانەی بوونە هۆی بەتاڵکردنەوەی ئەو ڕۆژانە لە زێڕەکەی خیانەتکارن، خیانەتێک مێژوو شەرم لە نووسینەوەی دەکات.**

**ئەم بابەتە وەک زنجیرە وتار لە ڕێکەوتی: ١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧ تا ٤ی جانێوێری ٢٠١٨ی زایینی بڵاو کراوەتەوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕەزبەری ٢٧٢٠ی کوردی = ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠ی زایینی**

